# ڕەش و سپی

(کۆمەڵە چیرۆک)

زەردەشت کامەران

(٢٠٢٣)

ناوی کتێب : ڕەش و سپی

نوسەر : زەردەشت کامەران

دیزاین : پاڵە اسعد

چاپخانە : چوارچرا

تیراژ: ٥٠٠

نرخ: ٢٠٠٠

# پێڕست


تۆڕەڕێ ٧

دێژا ڤوو ١١

نامۆ ١٩

دەنگەکە ٢٥

ڕەش و سپی ٣٣

دوژمن ٣٧

ئەکتەر ٤٣

خەون ٥١

ڕۆژێکی نوێ ٦١

# تۆڕەڕێ

کەسێک هەیە لە ناویدا ئەژی، ڕەنگە تۆ تەنها بە مەتەڵێکی سادەی سەیر بکەیت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە نییە، ڕاستی هیچ شتێک سادە نییە، ڕەنگە تۆ لەگەڵ شەوچەرە شیکاری بکەیت، بەڵام ئەوە ڕێگا و ئامانجی (تۆڕەڕێ) نییە، کەمێک لەوە ئاڵۆزتر، کەمێکیش تایبەتیتر.
کەسێک لەوێ ئەژی، کەسمان چیرۆکی تەواوەتی ئەو نازانین، تەنانەت خۆیشی نایزانێ، تەنانەت ئەویش هیچ بیرۆکەیەکی نییە بەیانییەک چۆن لێرە بێدار بۆتەوە؟ کەیبوو یەکەمجار ئێرەی بینی؟ ژیانی پێشتری چی و چۆن بووە؟ هیچی بیر نایەت؟ خیزانی هەبووە؟ نازانێت، هاوڕێی هەبووە؟ تەنانەت نازانێت واتای هاوڕێیش چییە!
ئەدی چیدەکات لێرە؟ بۆچی لەو دیوارە سەوزە بەرزانە تێناپەڕێت؟ خۆی گوتەنی "ڕەنگە هەر ئەمە ژیان بێت"، خۆی داوە بە دەستەوە؟ نا، ئەو تەنها بەو شێوەیە سەیری بوون ئەکات، وا تەماشا ئەکات کە هەموو بوون تەنها ئەو دیوارە سەوزانەبن، دیوار؟ خۆ ئەوانە ڕووەکن، دیوار نین، وە ئەویش نازانێت ڕەنگی سەوز چییە!
نا، لێرە کەس نازانێت ڕەنگی سەوز چییە، هەموو ئەوانەیش لێرەن یان دێوەزمەیەک ئەبینن یانیش چیتر کوێر ئەبن بەرامبەر بەو ڕەنگە...
ئاهـ لەو ژیانە... پیاوێکی چەند تەنهایە!
شششش، بێدەنگ، با نەزانێت تەنهایی چییە، ئەو لە بەر ڕەحمی پێناسکردنی ئێمە تەنهایە، گەرنا لای خۆی کەسێکی ئاساییە، زۆر ئاسایی و سەرەتایی، ئەو نە واتای تەنهایی ئەزانێت و نە واتای پیاوبوونیش، نە پیاوەتی کردار و نە ڕەگەز، تەنها لەوێیە، نە خۆراک، نە هەوا، نە تیشکی خۆر، نە خاک... هیچیانی پێویست نییە، نایشیەوێت جگە لەو سەمەرەیەی کە خۆی ناوی ناوە (ژیان) هیچیتری هەبێت، نازانێت ژیان چییە، بەڵام ئەو بۆخۆی دانەیەکی هەیە، خۆ گوتم نازانێت ڕەنگی سەوز چییە! تەنها کەم کەم پیاسە ئەکات و تەماشای ئەو سێبەرانە ئەکات کە دێن و دەچن، نازانێت باران چییە، نازانێت گریان چییە، بۆیە ئەو

دوانەیشی بۆ لێک جیاناکرێتەوە، هەموو بارینێکی هەموو وەرز و هەموو شەو و ڕۆژەکان ئەگری، ئەو وادەزانێت کاتی باران واتە کاتی گریان و کاتی گریانیش واتە کاتی باران.
ئەو کەسێکی تری نییە، نایشزانێت واتای نەبوون و هەبوون چییە، هەمیشە وادەزانێت مرۆڤ هەر دەبێت بەو شێوەیە بێت کە ئەو پێی وایە، ئیتر نە دەزانێت ڕای خۆی چییە لەسەر مرۆڤ و نە دەیشزانێت مرۆڤ خۆی چییە؟
بە درێژایی چەندین ساڵە لێرەیە و بە نێو تۆڕەڕێکەدا گوزەر ئەکات، جارێک خۆڕسکانە و بێ ئاگاگەیشتە لێواری دەرچوون، تەنها یەک هەنگاو بهاتایەتە پێشتر، ئەو ئازاد ئەبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە ساڵانە چەند جارێک ئەوە ڕووئەدات، بەڵام ئەو تەنها لەسەر لێوارەکە ئەوەستێت... تەنها تەماشا ئەکات، چاوە ماندووەکانی بە قوڵداچوون، هێندە ماندوو ئەبێت جار لە دوای جار لاوازتر دێتە سەر لێوارەکە، کۆتا جار نەت دەوت ئەوە مرۆڤە، زیاتر لە پاشماوەی ئێسکی مۆمیاکراوێک دەچوو، تەنها پارچە چەرمێکی سوتاو بەسەر ئێسکەکانیەوەبوون، پیاوێکی ڕووت، بەڵام ئەو نازانێ ڕووتبوون و داپۆشراوی چییە، نایەوێت بێتە دەرەوە، ئەوەستێت و فرمێسک ئەڕێژێت، لەگەڵ ئەودا لە وەفای گریانەکانی بۆ دڵنەواییکردنی، ئەمجارە ئاسمان لە ساماڵترین ڕۆژیشدا هەر باران ئەبارێنێت، بێ هەور، بێ هەورە بروسکە، تەنها لە ناو تیشکەکانی خۆرەوە باران دێت، دەستی درێژ ئەکاتە دەرەوەی تۆڕەڕێیەکە، چەند دڵۆپێک ئەگرێتەوە، پێی سەیرە، باران لە ناوەوە واتە گریان، بەڵام لە دەرەوە واتە باران، نا، ئەو شتە جوان نییە، ناکرێت باران تەنها واتای بارانی هەبێت، جوان نییە دڵۆپە بارانێک لە ئاسمان تەنها لەبەر دیاردەی سروشت بێتە خوارەوە، ئەترسێت گەر بڕواتە دەرەوە لەبەر هەتاودا بگری، ئەو ڕقی لێیە گەر بڕواتە شوێنێک و بگرییە و باران نەبارێت، نیوە شەوێک ڕاپەڕێت و باران ببارێت و ئەم نەگرییەت، نا... تەنها ئەو هۆکارە بەسە بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە لە دەرچوونی.
لەو هەموو نەزانینەی خۆیدا، هێشتا هێندە نەزان نییە نەزانێت ترس چییە، ئەو لە شەوانی پێنجشەممە ئەترسێت، "پێنجشەممە کامە

ڕۆژە تا خۆی بۆ حازر بکەم؟ " ئەوە ئەپرسێت و خۆیشی هەست بە نەزانییەکەی ئەکات، عەسری ڕۆژانی هەینی بە پەنجەی شاهیدی خەتێک لەسەر زەویەکە ئەکێشێت ئەیەوێت ڕۆژەکان بژمێرێت تا خۆی ئامادە بکات بۆ پێنجشەممە، ڕۆژی دواتر، لێی ون دەبێت، هێشتا دڵنیانیم مار و مێروو و شنەبای ناو تۆڕەڕێیەکە خیانەت لە ویستی ئەو ئەکەن یان چۆن ئەو خەتانە ون ئەکات، نە من و نە خۆیشی وەڵاممان پێ نییە، ئەو تەنها ناوی (ترس) ئەزانێت، ئەمە ئەو شتەیە کە کەس لێی بێبەش نییە! بۆ ترس؟ نازانێت، ترس لە چی؟ نازانێت، بەڵێ شەوێکی پێنجشەممە بە چاوەکانی خۆم ئەو ترسەم بینی، ئاگاداربووم خەونی ناخۆش ئەبینێت، ئەو هیچ کەسێک ناناسێت و کەسیش جگە لە من ئەو ناناسێت، بەڵام غەرق لە عارەقە وا وڕێنە دەکات و ناوی خەڵک دێنێت، باسی باڵایان ئەکات، باسی حەمە کوڵە و پورە ئامینی ئەکات، هاوار بۆ لالە سەردار ئەبات و داوای یارمەتی لێ ئەکات، هاوار ئەکات لێ نەگەڕێت کوڕەکەی هەر شتێک بکات کە ئەیەوێت، بەدەم هەنسکەوە خۆشەویستی بۆ پەری دەردەبڕێ، نازانم ئاخۆ پەری چی ئەوە؟ هەندێ جار دەم ئەبات ماچی بکات و هەندێ جاریش پرچی بۆ شانە ئەکات و نینۆکەکانی بۆیە ئەکات، هەندێ جار بەدەم خەندەوە ئەڵێت "پەری، بیرت دێت یەکەم شەو لەم کتێبخانەیە مایتەوە؟"، نازانم ئەوە واتای هاوسەرە یان کچە تاقانەکەی؟ سەیر لەوە دایە، ئەو لە دوای هۆش هاتنەوەیەوە پرسیاریشی لێ بکەیت واتای ئەو دەستەواژانە نازانێت، واتای هاوڕێ، خەڵک، کچ، هاوسەر، لالە سەردار و خۆشەویستیش نازانێ، ناشزانێ خۆشەویستی چییە، تەنها دەڵێ "ئەوانە نازانم، نایان ناسم، من هیچ نازانم ئەوە نەبێت کە ئەترسم، لە ترس زۆر شارەزام، باسی ترست بۆ بکەم؟".

# دێژا ڤوو

تەواوی ژیانی لە ناو ڕۆتینندا ئەکوڵێت، تەنانەت تازەگەرایيەکانیشی هەمان دووبارەیی پێشووە، تەنانەت گەر کەسێکی تازەیش بناسێت نامێننەوە، ئەو وەک تەواوی ژیانی خۆی ناسین و دابڕان لە هاوڕێکانی کردووە بە ڕۆتین.
بەیانییەک زەنگە دەنگ ناخۆشەکەی لێ دەدات، ئەمەیش هەمووی ڕۆتینێکی دووبارەیە، ئەوەی تایبەتە کەوتنەخوارەوەی مۆبایلەکەیە، هەست بە شتێکی سەیر ئەکات، ئەوە ڕەنگە خەوبێت، یەکەم جاریەتی سەرنجێکی قوڵ لە هەر شتێک بدات، هەست بە نامۆیی ئەکات، ئەپرسێت ”من کە ئاو و ئاگرم بینیوە کەوتنی مۆبایلێک چییە؟ منێک کە کەوتنی پێغەمبەران و تازەگەراکانم لا وەکو یەکە، ئەم مۆبایلە چییە؟“، بەڵام بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، ئەو بیر ئەکاتەوە، سەیر لە کەوتن یان بێدەنگبوونی مۆبایلەکە نییە، سەمەرەی مۆبایلەکە تەنها بیرکردنەوەیە لێی نەک پرسیاری ئەو درز و شکاویانەی شاشەکە، ”بۆچی؟“ ڕەنگە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبێت بەسەر کۆتا جار کە پرسیاری لە خۆی کرد، بۆچی؟ هەرچییەک ئەبێت بۆچی؟ حاڵی تێک ئەچێت و وردە وردە خەریکە بیر دەکاتەوە، بۆچی بیرەکاتەوە؟ پرسیارێکی گرنگتر،“لە چی؟“ نازانێت، بۆ نازانێ؟ کێ ئەزانێ بۆ نازانێ؟ تەمەنی ڕۆیشتووە، لە ئاوێنەکەیدا ئەم بەیانییە لە جێگای قژ ڕێککردنەوە خەریکی ژماردنی چرچەکانی دەم و چاویەتی، چوار دانە لەسەر ڕومەتی و شەش دانەی تریش لە ناوچاویدایە، کەمێک قژە تەنک و خاوەکەی هەڵئەداتەوە و لە بێخی سەریدا سێ چرچی تریش ئەژمێرێت، ١٣ چرچی نائاسایی، پەنجەرەکەی ئەکاتەوە سەیری ئەو خەڵکەی خوارەوە ئەکات، غەڵبە غەڵبی ئەوانیش دێتە نێو ژوورەکەیەوە، دەنگی خواحافیزی منداڵ لە دایکی، دەنگی ماشێن و عەرەبانەی میوەفرۆشەکان، هەمووان خەریکی بەڕێکردنی ژیانە ڕۆتینییەکەی خۆیانن، بەڵام ئەم نە دەزانێت چی بکات؟ نە دەیەوێت

بچێتەوە ناو ڕۆتینەکەی خۆی، خەریکە تێکبچێت، بڕیار ئەدات دەست لە کارەکەی هەڵگرێت و ئەو ئاپارتمانە بچوکەیش جێبهێڵێت، بڕیاری یەکجاری خۆیەتی، ئەوە هەرچۆنبێت باشتر دەرەچێت لە ژیانە دووبارەکەی، لای گرنگ نییە ئەچێتە کویێ؟ گرنگ نییە ئەمجارە ئەگەر کەنارەکانی فەڕەنسا بیگرنە خۆی یان چەتە مەغریبییەکان بیبەن و بیفرۆشن، لای گرنگ نییە ئەگەر بکەوێتە بەر سەگی تورک و بولگاری یان ئەگەر لەهەردووکیان دەرچوو بکەوێتە نێوان شەڕی دوو ڕوس و لەویێ بمرێت، هەر وەک ئەو ڕۆژەی لە عێراق دەرچوو جانتایەکی ڕەشی مامناوەندی پڕ لە جل ئامادەیە، هەموو شتێک سازە، موچە پاشەکەوت کراوەکەی دەرەکات و سەری خۆی هەڵئەگرێت...
دائەنەوێت و مۆبایلەکەی هەڵەگرێتەوە، سەری سوڕما، ئەو نیازی ڕاکردنێکی دیکەی نییە، بەڵام ئەمە پەیامێکە، چوون لە کۆتایدا پێی ئەگات، ئەوەی پەیمانی لەسەر درابوو لە کۆتایدا وا ئەگات، لە کۆتاییدا وا دووبارە خۆشی ڕووی تێ ئەکاتەوە، خۆشییەک کە قەرارە چێژی لەدەستچووی گەورەبوونی بۆ قەرەبوو بکاتەوە، ئەو چێژەی بڕیارە خۆشتربێ لە تۆپانێ لەگەڵ مارێنزەکان، ئەو پێشتر ئەم دیمەنەی دیوە، دەزانێت کە بەڕاستی پێویستە چی بکات، تەنانەت ئەزانێت ئەبێت پێ لەسەر کامە جێگای زەوییەکەیش دانێت، ئەبێت بڕواتە سەر کار، ئەوە ڕێگاکەیە بۆ گەیشتن، بە هەڵەداوان دێتە خوار و تەکسیەک ئەگرێت، ئەچێتە سەر کار، "بۆ هەمان کارگە؟" شۆفێرەکە پرسی، کەمێک تاساو تەماشای ئەکات و سەرێک ئەلەقێنێت، نازانێت ئاخۆ چەند جاری دیکە هەمان شۆفێر ئەمی گواستۆتەوە، هۆڕنی سەیارەکانی سەر شەقامەکە و ئەو تەمەی سەر شاری گرتووە خەیاڵیان زیاتر پەرتکردووە، ئەو تەمە و ئەو قەرەباڵغییەی بەیانیان، ئەو هەموو حەشەرەیە هەر یەکیان لە ناو سەیارەیەک بەرەو کارەکانیان ئەڕۆن، ئەوانە هەمووی شارەکەی خۆی بیر ئەهێننەوە، ئەوکاتەی ئەیخوێند هەمان دیمەنی بۆ ماوەی چوار ساڵ لەسەر یەک بینی، ئێستا تەنها کەمێک سەیارەی زیاتر هەن، بەدەم خەیاڵ و بیرکردنەوە لە شارەکەی خۆی گوتی"دەزانیت کاکی شۆفێر! ئەمڕۆ سەرنجمدا ١٣ چرچی تەمەن لەسەر ڕوخسارم زیادی

کردووە“، شۆفێرەکە هەناسەیەکی هەڵمژی و دەستیکرد بە باسکردن لە سەختییەکانی ژیان، باسی ئەوەی ئەکرد لە جەنگی شەش ڕۆژەدا چی بینیوە و بە چیدا تێپەڕیوە، نەیئەویست گوێ بگرێت، بەڵام نەیئەتوانی بێدەنگی بکات، ئەو تازە هەستی بە خەمەکانی خۆیکردبوو، نەی ئەتوانی خەم و خەفەتی کەسێکی تر پشتگوێ بخات، هەتا لە پڕ لەو خەوە ئاگاییە خەبەری کردەوە ”برای من، گەیشتین“.

...

ڕۆژی دووەم هات، هەڵئەسێت و بیر ئەکاتەوە ئاخۆ بۆچی جانتا جلەکەی کۆکردۆتەوە؟ بیری نایەت، بەڵام بیری یەت لەو کاتە هەستی بە چی کردووە، ئەو هێندەی هەست ئەکات ئەوەندە لە شتەکان نازانێت، ڕەنگە نەیشزانێت هەست بە چی ئەکات، هەر تەماشای جانتاکەی ئەکات و هەمان نامۆیی دووبارە و دووبارە بە گیانیدا هاتوچۆ ئەکات، نازانێت بابەتەکە چییە، جلەکان دەر ئەکاتەوە و ئەڕواتە سەر کار، لەوێ (عەلی) و (عومەر) ئەبینێت و سڵاویان لێ ئەکات، هەمان ئەو هەستەی جانتاکە پێی ئەدا دێتەوە گیانی، ئەمەی لە شوێنێک دیوە، چی نامۆ هەیە؟ هەستێکی سەیرە چاوشارکێی لەگەڵ دەکات، ڕەنگە بەڵێنەکە لەسەر ئەمڕۆ درابێت، سەرنج لە هەموو شتێک ئەدات، سەرنج لە هەموو سوچێک ئەدات، هەموو پەنجەرەکان، کوکوختی سوچی جەمەلۆنەکەی سەرەوە، شێوازی جگەرەکێشانی سەرۆکی کرێکارەکان و هەڵگرتنی ئەو تەختانەیش لە کەنارێکی کۆگاکە، هەموو شتێک دووبارەیە، تەنانەت عومەریش هەمان پەنجە بڕاوەکە وەک گاڵتە بەرز ئەکاتەوە لە جێگای پەنجەی ناوەڕاست، تەنها... تەنها ئەوە نەبێت کە عومەر چەپلەرە و عەلی ڕاستە، بەڵام ئەمڕۆ دەستیان گۆڕیوە، عومەر بە دەستی ڕاست چەکوشەکەی گرتووە و عەلیش بە دەستی چەپ، وەک کپبوونی زرنگەی بزمار لە ناو تەختەکان قەرەباڵغی کارگە و کۆگاکان لە گوێیدا کپ ئەبێ، ئەو دەرئاسایەی پێویستیبوو و دۆزییەوە، ئێستاکە ئەزانێت ئەبێ چی بکات، ئەبێت دەست بکات بە ئیش، ئەبێت هەموو ئەو شتانە بکات کە هەستی گەیشتنی بەڵێن پێدراوەکە زیاتر و زیاتر ئەکات و هیچ کات لێی ون نەبێتەوە، هەستی

گەیشتنی ئەو، هەستی گەیشتنی دەستێکی بەزەیی، پێویستە هەمووکات هەستێکی هاوشێوە بمێنێت تا بزانێت ئەبێ ڕۆژەکەی چۆن بەڕێ بکات تا لە ڕۆتین دەرچێت، ئەو پێویستی بە خودایەکە.

کار و چاککردنی ئەو تەختە و دارانە بە ڕێکی ئەڕۆن بەڕێدا، ئەمڕۆ تەنانەت نیو مەتر تەختەیشی بە زیادە نەداوە، ئەمڕۆ ئەکرێت یەکێکبێت لە باشترین ڕۆژەکانی ژیانی، بەردەوام پێکەنین، بەردەوام قسەی خۆش، عەلی و عومەر وەک برای ئەمیش وان، هەرچەندە هێشتا تەواو ئاشنایان نەبووە تا شکڵی ئەو دوو برا دووانەیە لەیەک جیا بکاتەوە، بەڵام هەر هاوڕێیەتییەکی تایبەتیان لەگەڵی بەستووە، قاوە و چا دەخۆنەوە، پێدەکەنن، لەکاتی وەرگرتنی موچەکانیان بێدەنگن، بەڵام کە ئەڕۆنە ماڵ دووبارە بە پێکەنینەوە ئەڕۆنەوە، هەست ئەکات ئەبێت بوەستێت، ئەم ئێوارەیە ئەکرێت جیاوازبێت، تەنها ئەگەر نەڕوات، ئەبێت بگات بەوەی دڵی چاوەڕێیە، دڵیش فەرمانی بە وەستان و چاوەڕێکردن کردووە، پاش چەند جگەرەیەک و تەماشاکردنی گڵۆپەکانی سەر شەقام دڵی بە لای ڕاستی شەقامەکە پەل ئەهاوێت، بە خۆی دەڵێت "بڕۆ، ئەبێت لێرەوە بڕۆیت، ئێمە خەونەکەمان دیوە، هەموو ڕاستەقینەیەک لەو خەونەوەیە، لە خەونەکەیشماندا لێرەوە ڕۆیشتین و پێی گەیشتین".

دەڕوات و هەست ئەکات ئەبێ خێراتر بێت، کەمێک خێراتر ڕێ ئەکات، دڵیشی لەگەڵیدا خێراتر لێئەدات، دەست بە ڕاکردن ئەکات، جگەرەکەی فڕێ ئەیات، ڕا ئەکات، ئەوەنەی قاچەکانی بتوانن خێرا ڕا ئەکات، سەگە بەڕەڵاکان لەگەڵیدا ڕائەکەن، دڵی تا دێت زرم و کوتی زیاترەبێ، زۆر خێرا کە تەنانەت لەگەڵ خۆیشی چیتر ناتوانێ قسە بکات، سییەکانی بە جگەرە سوتاون، خۆزگە ئەخوازێت بتوانێت وەک یەکێک لەو سەگە گەڕانە خێرا ڕابکات، بەڵام خەریکە بمرێت و هەناسەی تەواو بوەستێت، شەقامەکە چۆڵ بووە و تەنها ناوشار قەرەباڵغی پێوە دیارە، نایەوێت بڕواتە ئەوێ، بەڵام پێویستی بە ئۆتۆمبێلێکە، ئەوەستێت، ئەبێت تەکسییەکانی شار بە تایبەتی بێن بە دوای ئەمدا، ئەگەرنا ئەم ناچێتەوە ناو قەرەباڵغی، چی تر ئەوە جێگای ئەم نییە، دڵی نایەوێت بڕواتەوە ئەوێ... تەکسیەک ئەوەستێت لەبەردەمیدا، سەر ئەکەوێت،

”بۆ هەمان شوێن؟“ شۆفێرەکە پرسیاری کرد، ڕوخساری نامۆ نییە! سەگەکان لەبەردەم دەرگای تەکسییەکە هێشتا ئەوەڕن، دڵنیا نییە ئاخۆ ئەو بەڕاست پرسیاری کرد یان لەگەڵ وەڕینی سەگەکان تێکەڵیکردووە؟ ناتوانێت باوەڕ بەو پرسیارە بکات، ئەم کابرایە ساحیرە؟ ئەمەیش خەونە؟ نازانێت، بەڵام بۆ ئەو خەونەی ئەم بیری نایەتەوە و هەستی پێ ئەکات پێویستە سەرکەوێت، تەنها سەری لەقاند، بیری لە خۆی ئەکردەوە، خۆیشی نازانێت بۆچی دووبارە ساتی پەڕینی پەنجەی عومەری دێتەوە بەرچاو، دەنگە دەنگ و هاوار و خوێن، وەک ئەوەیە ئێستا لە ناو ئەم تەکسیە ڕوبداتەوە، هەموویان وەک خۆیان دێنەوە، ڕەنگە عومەریش هەمان هەستی هەبوبێت، هەستی لەدەستدان، لە دەستدانێک کە هەرچەند دڵنیایت لە نەگەڕانەوە، بەڵام هێشتا درۆ لەگەڵ خۆت ئەکەیت و هیوایەکی ساختە لە دڵتا دائەنێیت، لە شۆفێرەکە پرسیار ئەکات ”قەت کەست لەدەست داوە؟“ کابرای شۆفێریش باسی مردنی باوکی ئەکات لە جەنگی شەش ڕۆژەدا، باسی ئەوەی کە باوکی بۆ بەدەستهێنانی شەرەف ڕۆیشتووە، بەڵام کەشتییەکەیان نوقمکراوە و کەس هیچی لەسەر هیچ سەرنشینێکی ئەو کەشتییە نەبیستەوە... خەیاڵ، خەیاڵی فڕین، خەیاڵی گەڕانەوە بۆ سەر گۆڕی دایکی، بیر لە دەنگی دایکی ئەکاتەوە بەڵام بیری نایەتەوە، بیر لە بۆنی خواردنەکانی ئەکاتەوە، لە گوڵەکانی حەوشە، لەو دوو دار گێلاسەی هەیانبوو، بەڵام تەنها تەم دەبینێ و بۆنی تەم دەکا، تەنانەت ئەگەر ئەو چەند وێنەیەی زەماوەندەکەیش نەبوایە ئێستا شێوەیشی لەبیر چووبوەوە، چۆن جارێکیتر هەمان هەستی نیشتیمانی دەست بکەوێتەوە بێ ئەوەی نەفرەتییەکی تری ئەوێ هەڵگرێت؟، بیر لە خۆشەویستی و خزمایەتی ئەکاتەوە، بەڵام هیچ یادەوەرییەکی دەست ناکەوێت، بیرکردنەوەکانی وەک ئەوە وان تەماشای نێو سندوقێکی کۆنی بەتاڵ بکات، کەمێک ئاسەواری تێدایە، هیچ نابینێ تەنها ئەبێت هەست بە بوونیان بکات، ” برای من، گەیشتین، ئێرە بارەکەیە“.

...

ڕۆژی سێیەم، شەوی سێیەم، خۆ بەدەستەوەدان وەک سێهەم شووی بێوەژنێک، هیوایەکی مردوو بۆ کارێک کە دەزانێت سەر ناگرێت، نازانێت باوەڕ بە چی بکات؟ بەوەی کە شوشەی مەی پێی ئەڵێت؟ یان ئەوەی کە شەقام و هەڕەمەکانی قاهیرە ئەیڵێن؟ ئەو دێت یان تەنها هیوا و درۆی زیندوو مانەوەیە؟ ئەو جۆرە عەزابە هیوایە؟ هیوای ساختە، لە ناو سەریدا ئاژاوە بەرپا ئەبێت، یەکەمجارە کە هەست بە دووبارەبوونەوەی بۆنێک ئەکات، بۆنی مێخەکەکەی دایکی، لە ناوەڕاستی هیچ شوێنێک وەستاوە و بۆنی نیشتیمان ئەکاتەوە، نا، ئەو باوەڕی بە خاک و ئاڵا نییە، تەنها چاوەڕێیە بێت، بۆچی چاوەڕێ ئەکات؟ خۆیشی هەڵوەدای وەڵامەکەیە، بەڵام ئەوەی هەستی شوێنکەوتنی خەونەکەی نەماوە، بیر ئەکاتەوە چ شتێکی هەڵە کردووە وا خەونەکەی وەڕاست نەگەڕا؟ ڕەنگە بیرەیەکی زیادە یارمەتی بدات، ڕەنگە بیرەیەکی زیادە لەسەر تەپۆلکەیەک، بە دیار ڕوناکی شار و بریسکەی لمی سەر هەڕەمەکان وەڵامەکەی پێبێت، هەر لەو جێگەیە خەوی لێ ئەکەوێت.

لە دوای چەند هێڵنجێک و توند ڕاگرتنی میزەکەی بە ڕوناکی ئۆتۆمبێلێک چاو ئەکاتەوە، چییە و کێیە و بۆچی لەوێ وەستاوە؟ نازانێت، تەنها کەسێک ئەبینێت دەستی دەرکێشاوە تا سوتوی جگەرەکەی فڕێ بدات، جار نە جارێک دەست ئەباتەوە ناوەوە و نەفەسێک ئەکێشێت و دووباە سوتوەکەی دەرەکاتەوە، تا کۆتا جار فلتەرەکەی فڕێدا "پێت خۆشە ئەمشەویش بێیت لەگەڵم؟"، ئەمە کێیە؟ گرنگ نییە، باشترە بڕۆم، دڵنیام لێرە خراپتر نابێت، دوای خۆ حازرکردن بە دەموچاوێکی پڕ لە پرسیار سەیری ناو ئۆتۆمبێلەکە ئەکات.

– حاجی، دیارە تەمەنتان هەیە، ئەگەر سەرکەوم باسی جەنگی شەش ڕۆژە و شانۆییەکان ناکەن؟ چونکە ئەمڕۆ زۆرم گوێ لەوانە بووە.

+ نا، سەرکەوە، بۆ هەمان چێشتخانە ئەڕۆن؟

– بەڵێ.

نازانێت بۆچی لەگەڵی ئەڕوات، کامە چێشتخانە؟ بۆچی ئەیبات لەگەڵ خۆی؟ هیچ نازانێت، تەنها مەستێکە خۆی تەسلیمی برسێتی

و ئەو قەدەرە نەهاتووە کردووە، ڕێگایەکی بێدەنگیان بڕی، چونکە خەڵکی ئێرە زۆر زوو هەموو شتێک لەبیر ئەکەن تەنها شانۆ و جەنگ نەبێت، خەڵکەکەی نیوە بە نیوە دابەشبوون بەسەر ئەو دوو شتەدا، ئێستاکە خۆ ئەو شانۆ گەورانەیش نەماون کە جاران هەبوون، بۆیە ئێستاکە تەنها باس باسی جەنگە، لەبەردەم دوکانێکی هەژارانەی شار ئەوەستن، ئەویٚ خەڵکانێکی مەست بە دوو جونیە نانێک ئەخۆن و بە دوو جونیەی تریش ئەڕۆنەوە، ”فەرموو دانیشن، ئێستاکە دێمەوە“. شۆفێرەکە وای گوت و ئەمیش وەک سەگێکی پیری شوانان بێجوڵە وەستا و تەنها چاوەڕێی نانەکەی ئەکات، وەک منداڵێک چۆن دوای دڵشکانیان شوێن قسەی دایک و باوک ئەکەون ئاوها شوێنی کەوتبوو، هەردوو دەستی لە بەینی قاچییەوە لەسەر کورسییەکە گیرکردووە، ڕەق وەستاوە، ئەیویست چەند زووە بێتەوە، پرسیاری هەیە، بۆچی؟ چی بۆچی؟ هەرچییەک، بۆچی؟...

+ فەلافل بۆ هەردوکمان داوا بکەم؟ ئەم دوکانە سیرەکەیان زۆر خۆشە.

– بەڵێ... تەنها.. ئەگەر بتوانیت یارمەتیم بدەیت سوپاست ئەکەم.

+ لە چی؟

– نازانم! بۆچی؟

+ بۆچی نەهات؟ بۆچی نایەت؟ بۆچی بەڵێنیان پێدایت؟

...

+ خۆشحاڵم ئەو پرسیارەتکرد، چونکە ژیان هەر خۆی لەسەر ئەو چەرخەیە کوڕی خۆم، هەمیشە بەڵێن و هەمیشە شکاندن و نەبردنە سەرە، بیرم دێت لە جەنگ...

– تکایە، گوتم واز لە یادەوەری جەنگ بهێنن، هەموو گیانم ماندووە، مێشکم هەزار کۆپی لە خۆمی تێدایە و هەر یەکەیان هاواری پرسیارێک لەویدیکە دەکات، هەزار کۆپی لە خۆمی تێدایە و هەموویان بەیەکجار چەلەحانێیانە، خۆیشیان نازانن چی دەڵێن تەنها دەڵێن و بەس.

+ دەزانم.

– چۆن دەزانیت؟ تۆ کێیت؟

+ من هەمان شۆفێری تەکسیەکەم، ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکمە، ماوەی دە ساڵی زیاترە هاتوچۆ بە تۆ ئەکەم، شتی زۆر لەسەر تۆ ئەزانم، ئەزانم تۆ کوردیت، ئەزانم لە کوێ ئەمێنیتەوە و چ کارێک ئەکەیت، هەموو ڕۆژێک باسی چرچەکانی دەم و چاوت ئەکەیت، تەنانەت ئەزانم سوچی مۆبایلەکەت شکاوە، چونکە هەموو ڕۆژێک کە جەڕەس لێدەدات لەسەر مێزەکە ئەکەوێتە خوارەوە، تۆ لە ناو ژیانێکی تەواو نەگۆڕدایت، ڕەنگە بێزاربیت لێی بەڵام کات کاریگەریەکانی لەسەر تۆ نەماوە و تەنها لە عەزابێکدا ئەخولێیتەوە، هەتاوەک ئەو ڕۆژەی بێ هەستپێکردن ئەمریت... .

# نامۆ

ڕەنگە ئەمە ئەو ئێوارەیە بێت کە چاوەڕێم دەکرد، ڕەنگە ئەمە ئەو کاتەبێت سالانێک هەوڵم بۆیداوە، خۆری ئەم ئێوارەیە لە هەموو ئێوارەکانی تر دڵگیرترە، یەکەم ڕۆژ ئەوم بینی هەورەکان هیچیان پێ نەبوو باران نەبێ، وەک هەوری ئەم ئێوارەیە نەبوون، ئەمێستا پڕ لە ڕەنگی سور و پرتەقاڵین، تیشکی خۆرەکە لەسەر ستیلی زەنگەکە هاوارم بۆ ئەکات دەستی لێ بدەم، نامەوێت، چی ئەگەر ئەم هەموو ساڵەی بۆی گەڕام لەبەرچاو نەبێت؟ ئەو ئێستاکە وەک هەمیشە بە غەریبەیەکم ئەبینێت، ناتوانم بۆی ڕوون بکەمەوە و منەتی گەڕانمی بەسەردا بکەم، من ئەو هەموو ساڵەم بە گەڕان بەڕێکرد لەبەر دڵی خۆم، ئەوە فەرزێکی دڵمبوو، لەگەڵ ئەو هەموو ئافرەتەدا خەوتم، ئەو هەموو ئافرەتە بە دەممەوە پێکەنین، ئەوانەیشی عاشقم ببوون، هێشتا جێگای ئەویان نەگرتەوە، ئەو پێکەنینانە، ئەو هەموو گریان و پاڕانەوەیە، ئەو هەمووە بە شوێن مندا وێڵبوونە، هیچیان جارێک خەیاڵەکانی تۆیان لە سەرمدا دەرنەکرد.

ئێستاکەیش جوتێک قۆنەرەی بریقەداری نوک تیژم لە پێیە، یەکەم ڕۆژیش، هەمان شێوەی ئێستا پێڵاوەکانم بریقەیان ئەهات، ئەوکات جوتێک کالەی لە ئاو هەڵکشاو و ئێستایش جوتێک قۆنەرەی زەماوەند، هەمان شێوەی یەکەم ڕۆژ پانتۆڵێکی جینزم لە پێیە، نامەوێت لککەیەک بە جلەکانمەوە دیاربێ، ئەوکات لە وەڕەسیدا ئەو جۆرە پانتۆڵەم لە پێ ئەکرد و ئێستایش لە قەلەقی و ترسی ناڕێکیم، هەرچەند هێندەی پێوە نەماوە بەڵام وەک یەکەم ڕۆژ قژم درێژ کردوەتەوە، ئێستاکە بێخی سەرم دیارە بەڵام قژم چەورکردووە و بەرەو دواوە دامهێناوە، ئەمەوێت هەموو شتێک وەک یەکەم ڕۆژبێت، ئەمەوێت ئەم ئێوارەیە ڕێک دووبارەی یەکەم بەیانی بێت... سێبەری شەو تاویداوەتە دەرلنگی پانتۆڵەکەم، زیاتر و زیاتر قەلەق ئەبم، ترسێکی نامۆ گیانی داگرتوم، ئەم گەڕەکە

سەیرەی ئەمان هیچ منداڵێکی تیا نییە یاری بکات، هیچ دراوسێیەکیان نییە جاسوسیان بەسەرەوە بکات، ئەتوانم بمێنەوە، نا، ناتوانم لەوە زیاتر بوەستم، ساڵانێکی زۆرم بۆ ئەم ئێوارەیە لەدەستدا، وا شەش ساڵە ئەم چاکەتەم لە حەمە سەندووە، بەڵام یەکەم جارمە لەبەری ئەکەم، شەش ساڵ ڕێک لە تاکەکەم دامنابوو، شەش ساڵی ڕێک هەموو بەیانیان ئوتووم دەکرد و دووبارە دەمکردەوە ناو تاکەکەم، ویستم دۆلابێکی باڵا بەرز بکڕم تەنها بۆ ئەوەی جێگایەک هەبێت کە بێخەم ئەم چاکەتە سپۆرتەی تێدا هەڵواسم، نەکرا، وەک هەموو ئاواتەکانی ترم ئەویشم نایە لاوەوە و تەنانەت ئێستاکە کە پارەی دۆلابەکەم لە گیرفانە پێم خۆش نییە بیکڕم، هەر شتێک بۆ کاتی خۆی، گەر نەبوو، دواتر بوون و نەبوونی جیاوازییەکی نابێ... .
هاهـ... لە سەرەتای خوێندنی زانکۆم، نا پێش ئەوەیش، هەر لە سەرەتای ناسینی شاری سلێمانییەوە بەردەوام خەونی گەورە و گەورەترم ئەبوو، وەک کاتژمێر هەوڵم ئەدا، هەرچەند کارم بکردایە کەمبوو و هەرچەند زیاتر فێربومایە کەمبوو، هەرچیم بکردایە لام کەمبوو و زیاتر و زیاتر هەوڵم ئەدا، بە خۆم و کێوێک خەون و ئاواتەوە چوومە زانکۆ، ژیانی بەشەناوخۆیی و ژیانی ناو زانکۆ و هەموو ژیانە پارچە پارچەکانی تریشم پێکەوە لکاندبوو و هەموویانم خۆش ئەویست، ئەوکاتە نەم ئەزانی ئەو کۆلێژە نەفرەتییە ئەبێتە چ ئاشوبێک، نەم ئەزانی ئەوێ لە ڕاستیدا گۆڕی بەکۆمەڵی خەونەکانم ئەبێت، وەها ڕاهاتبووم لەسەر لەدەستدانی خەونەکانم، هیچیتر لام گرنگ نەئەمان، بێ گوێ پێدان ژنم هێنا، ساڵێکی نەبرد بێ بیانوو تەڵاقی لێ وەرگرتم، لام گرنگ نەبوو کە چەند زەرەر ئەکەم، لام گرنگ نەبوو کە چۆن بەکارهاتم و دایک و باوکم چۆن دوای ئەوە وەک گەمژەیەک سەیرم ئەکەن، مارەییە خەیاڵییەکەیم بە قەرز بۆ دابین کرد، هەر ئەو قەرزانەیش تا دەهات ڕسواتریان دەکردم، لە نێو ئەو هەموو خەونە مردووە، لە نێو ئەو هەموو حەزە دامرکاوەم تەنها تۆ بە زندوویی مایتەوە، هەمیشە لەو ڕێگایەوە دەڕۆیشتم و دەهاتییەوە بەرچاوم، هەمیشە لەو نێوانەدا کە تێدەپەڕیم ئاسمان بارانێکی بەخوڕی دادەکرد، هەرچەند ئەو وێسگەیەم دیبا هەموو شتەکان دەگەڕانەوە

سەر شێوەی ئەو بەیانیە، وەک ئەوەی لە تەواوی دوونیا تەنها ئەو شوێنە لە گەشەکردن وەستابێت.
دەزانیت من پێش ئەو بەیانییە چەند یاخی بووم؟ هەمیشە لەسەر ئەو جادەیە خۆپیشاندانمان ئەکرد، یاریمان بە ئاو و ئاگر ئەکرد، شوشەی سەیارەکانمان ئەشکاند، گەروومان ئەو وەخت پڕببوو لە گازی فرمێسک ڕێژ، هەزاران دار و شەقی پۆلیسم لەوێ خواردووە، تەلەبەکانی تر ئەکەوتن و بەشان هەڵمەگرتنەوە، من ئەکەوتم و حاجییەکی پیر هەڵی ئەگرتمەوە، ئەو ڕێگایە ڕێگایەکی باوبوو بۆ خۆپیشاندەرەکان، پێش هەستپێکردنت لەو شەقامەدا هاوار و قیژە و شوتەی پۆلیسم گوێ لێ ئەبوو، لە ڕۆژە بێدەنگەکانیش نۆستالژیای ئەو کێشمە کێشمەم دەهاتەوە گوێ، هەموویم دەهاتەوەبەرچاو، تا لە نادیارەوە ئەو بەیانییە هاتیت و ملکەچت کردم، ئێستاکەیش دوای هەموو گۆڕانکارییەکان ئەو شەقامە لەبەرچاوم وەک خۆیەتی، ئێستاکە لەوێوە تێدەپەڕم و گوێم لە دەنگی باران دەبێت، ئێستاکە لەوێ لە جێگای ڕیزێک پۆلیس هەورێک ئەبینم و ئەیەوێت بچینە ژێر هەمان چەتر...
کات درەنگی کردووە، سەیرە ئەم گەڕەکە بۆچی بۆنی خواردنیان نایەت؟ مزگەوتیان نییە؟ بۆچی کەس بانگ نادات؟ ئەمانە لەو کۆشکە سەیر و گەورانەیان هەرگیز خواردن سازەکەن؟ ئەمانە خەڵکیان تێدا دەژی یان تەنها بۆ سەرفکردنی کارەبای شار دروستکراون؟ نە منداڵێک، نە ژنێک، نە پیاوێک نابینیتەوە، نە بۆنی خواردنیان دێت و نە دەبینیت توێکڵە گوڵەبەڕۆژە لە قەراغ جادەکە کەوتبێت، دیارە ئێرە کەس ئەو شتانە ناخوات، ڕەنگە هەرگیز خواردنیش نەخۆن، دیارە، خەڵکە دەوڵەمەنەکان هەمیشە تایبەت دەژین، ئەوەتا من ماندوو دەبم و نانی چاکیش دەخۆم، کەچی هێشتا ڕوومەتم چووە بە چاڵدا و پەراسووەکانم دیارن، بەڵام ئەوان کەمیش دەخۆن و هەمیشە قەڵەو و گوپنن، پێستی من ڕەش بوەتەوە و ئەوانیش هێندە خزاونەتە ژورەوە هەمیشە سپی و ناسکن، دڵم وا خەریکە تێکەچێت، وەک یەکەم نا، بەڵکوو وەک دووەم ڕۆژ کە تۆم بینی لێدەدات، خێراترە لەو کاتەی کە یەکەمجارمبوو لە ناو جێگادابم لەگەڵ ئافرەتێک.

دوودڵم، نازانم بڕیارە دروستەکە کامەیە؟ بەڵام دەستم لەسەر زەنگەکە دادەنێم... کەس وەڵام ناداتەوە، چی ئەگەر وەک ئەو ڕۆژە هێدفۆنی لەگوێیێت و ئاگای لە زەنگەکە نەبێت؟ خۆ ئەمانە قەت خەمی میوانیان نییە، نا، ئێرە خۆیەتی، دووبارەی ئەکەمەوە، ڕەنگە خزمەتکاریان هەبێت و ئەو جواب بداتەوە، دووبارە کەس وەڵامی نییە، ئێرە هێندە دیوارەکانیان بەرزە ناتوانیت سەیری بەر دەرگاکانیان بکەیت بزانیت پێڵاو هەیە یان نا، بزانیت لە ماڵن یان نا، خۆ گەر دیوارەکانیش نزمبن هێشتا نایبینم، ئەو حەوشەیە بەقەد هەموو کۆڵانەکەی ئێمە درێژە، ئەم ماڵە بەتەنێ لەو حەسارە گەورەترە کە (شێرزاد) باسی ئەکرد، سێیەم جار دەستی لێ ئەدەم، ئەم جارە وەڵام نەبوو دەڕۆم، سوننەت وایە تەنها سێ جار لە دەرگای کەسێک بدەیت.

پیرێژنێک جوابی دایەوە، ڕەنگە ئەوە خزمەتکارەکەیان بێت.

+ فەرموو.

– بێزەحمەت ئەتوانن بێنە بەر دەرگا؟( قوڕگم پاک دەکەمەوە)

+ خوا بتداتێ.

ئەوانە هەڵە لە من تێگەیشتوون، دڵنیام ئێرە ناونیشانە ڕاستەکەیە، ئەو پارچە وەرەقە بچوکەی نێو جزدانەکەم دەرەکەمەوە و دووبارە بەراوردی ئەکەم، بەڵێ ئێرە خۆیەتی، ڕێک ناونیشانی ئێرەیان پێداوم، ئەوە کامێرایە، دڵنیام ئەوان دەمێکە منیان دیوە، ئەو گوڵەی دەستم هیچ لە هی سواڵکەران دەچێت؟ بەڵێ، ڕێک وەک سواڵکەرەکان دەستێک گوڵی لاستیکی بێ بۆن و مردووم لەدەستە، جارێکی تر زەنگەکە لێدەدەم.

+ کورِم وتم خوا بتداتێ.

– بوەستە یەک دەقە، هەهە من سواڵکەر نیم، تەنها پێویستە قسە لەگەڵ خاوەن ماڵ بکەم.

+ باشە، فەرموو.

– نا ئاوها نابێ، تکایە با خاوەن ماڵەکە بێتە بەر دەرگا.

+ خۆیشمان تازە کرِیومانە، نایفرۆشین جارێکە.

– هەهە نا، دووبارە بە هەڵە تێگەیشتن، تکایە ئەگەر عەزێت بکێشن کارم بە خاوەن ماڵ هەیە، ڕوو بە ڕوو.

+ باشە بوەستن.
ئێستاکە داوای کێ بکەم؟ خۆ ئەمانە کەسانی ئاسایی ناناسن، تەنانەت نایشزانن کەسێکی ئاسایی واتای چییە! هەموو ئەوەی ئەیبینن یان دەوڵەمەندە وەک خۆیان یانیش هەندێک جار سواڵکەرەکان دێنە ڕێگایان، من خۆ ناویشت نازانم، کێشە نابێ، کێ پێویستی بە ناو هەیە؟ داوای خاوەن ماڵ ئەکەم، ئەڵێم ئافرەتێکی...! خۆ نایشزانم شێوەت چۆنە، هەر لە سەرەتایشەوە نەمزانیوە، ئێستا بیرم دێتەوە، من هەرگیز تۆم نەدیوە! من چ ناونیشانێک هەڵدەم تا دڵنیایان بکەمەوە؟ هههه قسەی سۆزانییەکم بیرکەوتەوە کە لەکاتی خۆلەبەرکردنەوە پرسی "پێم بڵێ ئەو کچەی وا مێشکی گرتویت کێیە و چییە؟"، دەستی بردە دواوە تا سوخمەکەی ببەستێتەوە، نازانم هەر بەڕاست دەستی نەدەگەیشت بە دوگمەکە یان ئەیویست من بۆی چاک بکەم؟ بەڵام کێشە نییە، دەستم دایە دوگمەکە و گوتم "کێ وتی ئافرەتێک لە دڵمە؟".
"چێژت لێم نەدی، مەگەر کەسێک یان عاشق یانیش کەربێت چێژ لەم جەستەیە نەبینێت".
نازانم، ئەوکاتە تەواو هەستم بە خۆمکرد چۆن لەو یەکەم ساتەکانی بینینت جێماوم، نەم ئەزانی ئەبوو چی بڵێم یان چی بکەم؟
"ناتەوێت باسی بکەیت؟ کێشە نییە باسی مەکە"، لەسەر جێگاکە هەستایەوە و وەک پارچە ئاسنێک تەماشای ئەکردم، هەمان ئەو تەماشاکردنەی جوتیارێک تەماشای پێمەڕەکەی دەکات، هیچ شتێک نەبووم کەرەستەیەک بۆ پارە پەیداکردن نەبێت،"نا، ئەمەوێت باسی بکەم، ئەمەوێت بیدۆزمەوە، ئەمەوێت بزانم لەکوێیە، بەڵام هیچی لەسەر نازانم، نازانم لە کوێ ئەژی، نازانم کچی کێیە، ناوی چییە، شێوەی چۆنە؟ هیچ نازانم لەسەری."
ئەو سۆزانییەکبوو بەڵام، جیاوازی چێژی ڕۆح و دونیایی ئەزانی، هەرچەند چێژی جەستەی هەڵبژاردبوو، بەڵام هێشتا جیاوازییەکەیشی ئەزانی، لێم تێدەگەیشت، ئێستا ئەمانە کە هەمان شێوە چێژی دونیاییان هەڵبژاردووە بێ ئەوەی بزانن بابەتەکە چییە، چۆن تێگەیەنم؟ باشترە بڕۆم، ئەمانە هەرگیز بە من تێ ناگەن، ئەزانم گەر دڵم بکەمە نوسینیش

هێشتا تێناگەن، گەر هەموو هەستەکانم کۆ بکەمەوە و بیکەمە سێرکێک لێرە کەس تەماشای ناکات، ئەزانم ئەوان هەرگیز نایشیانەوێ تێبگەن، ملی ڕێگام گرت و جگەرەیەکم داگیرساند، لە سەری کۆڵانەکەبووم گوێم لە قرچەی دەرگاکە بوو، لام کردەوە، ئەمویست تەنها جوابێک بدەم بە خۆم، با هەر نەبێت جوابێکم هەبێت، سەیرەکەم پیرێژن لە بەر دەرگا وەستاوە و تەماشام ئەکات، گوێم نەدا و ڕۆشتم، بەڵام فزوڵی گرتمی و ویستم بزانم ئەو سەیرکردنە مانای چییە؟ لە سەر سوچەکە ملم کێشایەوە و تەماشام ئەکرد، ئافرەتێک نزیکی هاوتەمەنی خۆم لەوێ وەستاوە، دەفتەرێکی ڕەنگا و ڕەنگی بەدەستەوە، چاوەکانم کزبووە و ناتوانم بیناسمەوە، ئێستایش نازانم شێوەی چۆنە، بەڵام دڵنیام ئەوە خۆیەتی، من نەدەجوڵام و تەنها تەماشام ئەکرد، ئەویش ملی لارکردووە بە لای مندا و هێواش هێواش ئەچێتەوە لای پیرێژنەکە، لەگەڵ تەواو دیار نەمانی خۆردا، ئەو بۆ نێو کۆشکەکەی خۆیی و منیش بەرەو ماڵە ساردەکەم، ڕەنگە لە ئێستادا قەدەر ڕاستبێت و هەرگیز نەیویستبێت ئێمە یەکتر ببینین، ڕەنگە ئەویش وەک من عاشق بووبێت، بەڵام ئەو هەمیشە چاوەڕوان، ڕەنگە منداڵی هەبێت و کوڕێکیانی ناو نابێت (نامۆ)، چونکە منیش نامۆبووم لای، ڕەنگە... زۆر شت، ڕەنگە ڕۆژێک لە ماڵەکەم (ئەمیر تەتەلو) هاوار بکات و منیش بە سەقفەکەوەبم.

# دەنگەکە

تەماشای پێڵاوەکانت بکە! جوتێک پێڵاوی هەرزانی تەقلیدت لە پێیە، قەیتانەکانت باش نەبەستووە، مەستانە بەڕێگا ئەڕۆیت و تەنانەت گۆرەوییە سپییەکانیشت لە قوڕ هەڵکێشاوە، هەمووان بە لاچاوێک سەیرت ئەکەن، مەگەر چاوی ئەو دایکەی دوێنێ چی تێدابوو؟ هیچ، تەنها ئەوەی هیوای ئەخواست مناڵەکەی ئەویش وەک تۆ نەبێت، مەگەر نەتبینی چۆن لە ترست دەستی منداڵەکەی توند گرتبوو؟ ناتوانیت قەیتانەکانیش بە باشی ببەستیت، ناتوانیت، هەتاوەک تاکی چەپت بە شێوازێک ڕێک ئەخەیت و تەواوی ئەکەیت بیرت ئەچێتەوە چۆن هەمان شت بۆ ڕاست بکەیت... بەڕاست ئەم کراسەی ئێستا لەبەرتە پەڵەیەکی سوتاویی بە پشتەوەی نییە؟ ئەوە ئێستا هاتوەتە دەرەوە و خەڵک لە دواوەت ئەیبینن و پێت پێ ئەکەنن، ئەها هەوای سارد لە پشتی قونت ئەدات، ئەوە دڵنیام کراسەکەت هاتۆتە دەرەوە "بەسە، هەتا ئەوەی باست نەکرد هەستم بە هەواکەی نەکرد، نەخێر جلەکانم ڕێکە" نا، من وای نابینم، تۆ مانگێکە تەماشای ئاوێنەت نەکردووە، کۆتا جار کە بۆم سەلماندیت چەند لە باوکت ئەچیت ئیتر لە ئاوێنەکان تۆرایت، تەنانەت لە جامی ئەو سەیارانەیش ئەترسیت بەلایاندا تێ ئەپەڕیت، لە دوای کۆتا جار کە بۆم سەلماندیت تۆ تەواو کۆپیەکی باوکتیت ئیتر هۆشت بە خۆت نەهاتۆتەوە، هەموو شەو و هەموو نیوەڕوان و هەموو عەسر و ئێوارەیەک مەستیت، بەڵام بۆم دەرکەوت هەڵەم کردووە، باوکت تەنانەت لە تۆیش باشترە، ئەو ئەتوانێت چەپەڵێکی وەک تۆ بەخێو بکات، بەڵام تۆ جگە لە سەماعە لە گوێکردن و دانیشتن لە پشتی شاشەی مۆبایلە بێ کەڵکەکەت هیچت لەدەست نایەت، ئێستاکە دڵنیام سەر و قژت وەک شێتی لێ هاتووە... نا نا نا، هەوڵ مەدە خێرا بڕۆیت و لە من ڕزگارت بێت، گەمژە من لە ناو سەرتام "ئەزانم، ئەزانم، بەڵام تەنها کەمێک لێم گەڕێ با هیچ نەبێت

چاوم بەو کچە بکەوێت، تکایە، هەر ئەوەندەی ئەو ئەڕوات ئیتر چۆنت پێ خۆشە ئەشکەنجەم بە، سوکایەتیم پێ بکە، تەنها ئێستا کەمێک جێم بهێڵە"، هههه چی!، بەتەمایت کچە بێت و چاوی بکەوێتە سەرت و لە ناو ئەو هەموو نێرە لە تۆ باشترە، لە تۆ زیرەکتر، لە تۆ برسیتر، لە تۆ دەوڵەمەنتر و ڕاوچیتر بێت و دڵی بەسەر تۆیەکی مەست بنیشێتەوە؟ هەر بەڕاست هەست ناکەیت هەموو کات ئاوها بچیتە سەر ڕێگای بێزار ببێت؟ وا ئەزانیت ئەوەی کە تۆ ئەوت خۆش ئەوێت و هەستت بۆی هەیە ئەویش هەست بە هەستەکەی تۆ ئەکات؟ دڵنیام تەنها وەک جرجێک ئەتبینێ، بۆنێکی ناخۆش و پێستێکی گەڕ، لە سوچێکی شەقامەکە وەستاویت، تەنها وێنەی جرجێکە و هیچیتر "نا، دڵنیام هەڵەیت، ئێستایش نەبێت ڕۆژێک بە خۆشەویستییە گەورەکەی من ئاشنا ئەبێت، تەنها پێویستە کۆڵ نەدەم، ئافرەتان پێیان خۆشە دەستی یارمەتیان بۆ درێژکەیت، ڕەنگە گەر تەنها لەبەر ئەوەیشبێت بتوانم لێی نزیک ببمەوە"، هەر بەڕاست چەنێکە خۆت نەشۆردووە؟ ئافرەت پێش هەموو شتێک کەسێکی گەڕی ناوێ دواتریش ئەوە ئەوانن کە پێیان خۆشە دەستی یارمەتی درێژ بکەن، بەڵام سەرەتا پێویستە تۆ لە شتێکدا خۆت بسەلمێنیت و یارمەتی بدەیت، دواتریش، وا گریمان ئەویش تۆی بە دڵە، دواتر چی؟ گەرەکتانە بۆخۆتان بچن لە هەوای کوێستانێ خوێنتان تێکەڵکەن؟ مەبەستم لەو ژەهرە بۆماوەییەی خۆت بڕێژیتە ناو خوێنی پاکی ئەو؟ ژیانێکی ئاسودەتان ئەبێت؟ منداڵێکی لە خۆت چەپەڵتر، لە خۆت بێ ماناترتان ئەبێت، تۆیەک ئەڵێیت باوکم خراپە، منداڵەکەت ئەڵێت باوکم خراپ و دەست و پێ سپی و مەستە، نا، هەرگیز وا بیر مەکەوە ئەوە شتێکی باشبێت، بۆیە بە گوێم بکە و بڕۆ و جارێکی تریش هەوڵ مەدە سوتفەیشی بکەیت، ئەوە شتێکی باش نابێت...

زانیار! زانیار... گوێت لێیە؟ ئەوانە باست ئەکەن... "نەخێر گوێم لێیان نییە، جا چی ئەڵێن؟ بۆ نەیڵێن، خراپترین وەسفێکیان دروستە"، ئەزانم گوێت لێ نییە، من مەبەستم ئەو گوێیە نەبوو، مەبەستم تێگەیشتنت بوو، مەبەستم ئەوەیە بە دڵنیاییەوە باست ئەکەن، ئەزانیت ئەو

سەیرکردنە چی بیرهێنامەوە؟ سەیرکردنی ئەو دووکانداره هەمان سەیرکردنی ئەو ئافرەتەبوو، بیرت دێت؟ ئەها لەو یانەیە دانیشتبوویت و سەماکارەکە چۆن تەماشای کردیت؟ هەمان شێوازن، هەمان قسە لە کرداریان ئەبینیت، دواتر دوو سەماکار یان دوو دوکاندار یەکتر ئەبینن، لەبەر هاوپیشەییان پێویستیان بە وشە نییە تا وەسفت بکەن، ئەوان بە کردارێکی بچوک، زۆر بچوک یەکتر تێئەگەیەنن، هههhe نازانم خەڵک چۆن تاقەتیان هەیە تەنانەت بتکەنە قسە و باسی خۆیان؟ خۆ ئەوە ڕۆژی ڕوناکە و قاچت شۆستەکە ناپێکێت، هەمدیسان مەستیت، بەڵام لۆمەت ناکەم، تەنها لەم شتەیان لۆمەت ناکەم، چونکە ئەوەندەی قومێک مەی زیاتر بخۆیت، بەزمی ناو سەرت خۆشتر ئەبێت، ڕاستە دەنگم کەم کەم ئەگۆڕێت لە سەرت، هەندێ جاریش ئەبمە وێنەیەک، بەڵام ناو سەرت ئەوکاتانە قەرەباڵغە، منیش هەرگیز حەزم لە تەنهایی نییە، بۆ ئەمە و تەنها و تەنها بۆ ئەمە شایەنی سوپاسێکیت...
زانیار... هەستە، برۆ لانیکەم کورسیەکەت بگۆڕە، خەو ئەتباتەوە، هەرچی پەککەوتە و نێربازەکانە ئێواران لەم باخچە کۆ ئەبنەوە، دەی قسە و باسیش لە ناو ئەو دوو چینە زۆر خێرایە، با نەزانن مەستیت، نا، ئەزانن مەستیت، تەنها مەهێڵە بزانن خەوتویت، تەنها یەک خولەک تاریکی بەسە تا وەک گورگ بکەونە سەرت، ئەوکاتە چیەکەیت؟ ویستم بڵێم... ”بەسە!!!“، چیتە کوڕم؟ هێواش، هەموان سەیرت ئەکەن، ئێستا وا ئەزانن شێتیشیت، قەیناکە، ئاوا باشترە، ئاوا هەست بکەن شێتیت کەسیان ویژدانیان نایکات دەستت لێبات، ئەمە باشترە لەوەی تەلەفون بۆ برادەرەکانت بکەیت... بوەستە. بەڵام کامە برادەر؟ هەر بەڕاست تۆ چی ئەکەیت گەر پێویستت پێیان بێت؟ ”ئێستاکە پێویستم پێیانە“، منیش هەمان مەبەستم هەیە، تەلەفونیان بۆ ئەکەیت؟ خۆ ڕەقەمی زۆربەیانت لا نییە، ئەم حەفتەیەیش هەموان ئەزانن بەردەوام مەستیت، کەسیان جوابی نامەیشت نادەنەوە ”نا، ڕەقەمی ئەوم لایە، کوڕی چاکە، دڵنیام گەر بزانێت پێویستم پێیەتی دێت بە دەممەوە، ماڵەکەیشیان لێرە نزیکە“، هههههه نا، هههه نا نا، نا باوەڕکە وانییە، ئەو عەسڵەن تاقەتی زەلامێکی مەستیشی نییە، چەند جار ڕاستەوخۆ

به خۆتی وتووه؟ بەڵام تۆ خۆت ناتەوێ تێبگەیت، ئیتر تەواو، هەموو هاوڕێکانی تریشت هەرزەکارن، تەنها کەمێک ئەزمون پەیدا بکەن دڵنیام سڵاویشت لێ ناکەن، هەر کەسێک تەنها کەمێک ناسینی تۆ و کەمێک ئەزمونی پێویستە تا هەرگیز سڵاوت لێ نەکاتەوە "ڕەنگە وابێت، بەڵام دوای نان خواردن یەکێکیان دێت تا لە هەندێ کێشەی شەخسی خۆیدا یارمەتی بدەم"، بینیت؟ تۆیش هەمان شتیت، کابرایەک پێویستی بە یارمەتییە و خۆی دێتە لات، نازانم ئاخر بۆ ئەبێ بێتە لای تۆ؟ هیچ، وازی لێبێنە، هەرچەندت لەسەر بڵێم بێ سودە، تەنها ئەوە بزانە هیچ نیت زباڵە نەبێت...

+ سڵاو کاک زانیار.

– سڵاو لە تۆیش کاکە هەڵۆ.

بۆستە، مەگەر هەڵۆ ناوی خۆت نییە؟ ئەوانیش بە تۆ ئەڵێن زانیار؟ وامزانی تەنها من بە زانیار بانگت ئەکەم! چۆن سەرت لەوانیش تێکداوە، چی ئەبوو پێی بڵێیت منیش ناوم هەڵۆیە؟ خۆ ڕەنگە بەوە هیچ نەبێت کەمێک زیاتر هاوڕێیەتیتان بەردەوام بوایە، چونکە دڵنیام زۆر ناخایەنێت و لێت بێزار ئەبێت...

+ کاک زانیار؟ حاڵتان باشە؟

– ئا، من باشم برام، خەمت نەبێت، هیچێکی وا نییە، تەنها کەمێکم خواردۆتەوە.

کەمێک!!! تەنها کەمێک؟؟!؟! تۆ خۆیشت ئەزانیت چەند ڕۆژە لەسەر یەک مەستیت؟

+ باشە، هیوادارم بێزارتان نەکەم یان جەوەکەتان لێ تێک بەم، ئەگەر پێت خۆشە کاتێکی تر قسە ئەکەین.

بڵێ باشە فەرموو بڕۆن.

– نا، خەمت نەبێ، من حاڵم باشە خۆ هەر نەبێت ئەتوانم گوێت لێ بگرم.

+ پرسیارێکی شەخسی بکەم؟

– فەرموون.

+ چەنێکە مەستن؟ چونکە چاوتان زۆر ماندوو دیارە.

پێی مەڵێ، هەرچیەک ئەڵێیت ڕاستیەکەی مەڵێ، درۆیەک بکە، ئەو هەموو درۆیەت کردووە، ئەمجارەیش درۆیەک بکە، هەموو جارێک درۆ ئەکەیت، بەسیترین شتیش بگێڕیتەوە درۆیەکی تیا ئەکەیت، ئەمجارەیش هەمان شت بکە.

+ کاک زانیار؟

– حەفتەیەکە.

+ واتە حەفتەیەکە دەستان پێ کردووە؟

بڵێ ئا، هەرچی، بەس ڕاستیەکە نەبێت.

– نا، دەمێکە ئەخۆمەوە، بەس مەبەستم ئەوەیە حەفتەیەکە تەنها ئەخەوم و ئەخۆمەوە، بەردەوام، تەنها ئەوەنە ئاگام لە خۆمە بڕۆمە نادیەک و دووبارە دەست بکەمەوە بە خواردنەوە.

گەمژە، تەنها یەک جار پێویستت بە درۆ هەبوو.

+ بەڵام کاک زانیار مەگەر ئەوە ناتکوژێت؟

نەخێر نامکوژێت، ئەوە کەی کێشەی منالێکی وەک تۆیە؟ کێ وتی ئەتوانیت خۆت لە ژیانی هەمووان هەڵقورتێنیت؟

– بەسە!! من گوێ ئەگرم، یەک دەقە بێدەنگبە، یەک دەقـە!

+ ببورە کاک زانیار، وام ئەزانی ئەتوانم قسەت بۆ بکەم، بەڵام، بۆ کاتێکی تر، هیوادارم ئەوکات باشتربیت.

لە کۆتایدا، سەرئێشەکە ڕۆیشت"تۆ هەر خۆت خودی ژانە سەریت."

– کاکە هەڵۆ بوەستە، ببورە، مەبەستم لە تۆ نەبوو، ماوەیەکی زۆرە، نازانم چەنێکە، بەس ئەوەندەیە کە بیرم بێت، ئەو دەنگە هەیە لە ناو سەرما، من تەنها مەبەستم ئەوبوو، ئەم ماوە زۆر زیاتر لە جاران ئەبێتە شەڕمان.

+ وام ئەزانی ئەو دەنگە تەنها شتێکی هەرزەکارانەیە!

– نا، نازانم، ڕەنگە من گەورە نەبووبم، ڕەنگە وایش نەبێت، نازانم، بەڵام نایشمەوێت دڵت لێم بڕەنجێت، سەیرکە، منیش ناوم هەڵۆیە، ڕێک وەک تۆ، تەنها نەمویست لە سەرتاوە ئەو شتانە هەمووی بڵێم تا کەمێک سوپرایز بۆ دواتر بمێنێتەوە.

+ نا، مەسەلە ناوی تۆ نییە کاک زانیار، تەنها ئەوەیە وام ئەزانیی

تۆ کەمتر درۆ ئەکەیت، وام ئەزانی تۆ شتێکی جیاوازت هەیە وەک لەو گەورانەی تر، هەستم ئەکرد ڕەنگە بتوانم پشتت پێ ببەستم، وەک گەورەترێک، گەورەترێکی جیاواز، نازانم، دەی خۆتگوتەنی هەرزەکارم، هەڵە ئەکەم... خوات لەگەڵ.

چیەکەیت؟ وازی لێبێنە بڕوات، بڕۆ بیرەیەکی تر بکرە، با بڕوات فێربێت کە ژیان چییە، باوەڕکە زانیار کەسێک دوو جار ئاوها نەشکێت، ئەگەر بێهیوابونێک نەبێت لە ژیانیا فێری هیچ نابێت، لێیگەڕێ، ئەگەر بەزەییت پێیدا هاتەوە ئەتوانیت نامەیەکی بۆ بنێریت، بڕۆ بیرەیەکیتر هەڵقوڕێنە... ئافەرم، تۆ ئاوها گوێم لێ بگرە، ئیتر کێشەت نابێ، خۆ من چیم گوتووە؟ تەنها ئەوە ئەڵێم کە خۆت هەستی پێ ناکەیت...

– بێ زەحمەت دوو بیرەم بدەرێ.

چ ڕێگایەکی هەزەلییە؟ مۆبایلەکەت گرتووە بە گوێتەوە بۆ ئەوەی هەرکات قسەت بۆ من کرد وا بزانن تەلەفون ئەکەیت؟ کێ ئەوەنە گەمژەیە باوەڕ بکات کەسێک حەزەکات گوێی لە دەنگتبێت؟ "ئەزانم، بەڵام چی بکەم؟"

– فەرموو برام، دەستەکانت خۆش.

+ عافێتت بێت.

بەڵام بۆ دوو بیرە؟ نا، قەیناکە، ئەمشەو تۆ بەگوێم ئەکەیت، منیش دائەنیشم ئەوەت بیرئەهێنمەوە نەبوونت چەند باشترە، بۆ نمونە، تەماشای باوکت بکە، باوکت پێویستی نە ئەکرد منداڵێک بەو وەزعە ناخۆشە بهێنێتە دوونیا، ئەزانم و زۆریش دڵنیام لە نابەرپرسیارییەتی خۆیبووە، ئیتر لە دەستی دەرچووە یان تەنها حەزێکبووە ئەوەیان نازانم، بەڵام ڕۆژانێکی زۆر هەژارانە تۆیان بەخێوکرد، مەسرەفێکی زیادە، مشەخۆرێکی ماڵەکە بویت، بە تەنها پارەی دەرمان و دکتۆری تۆ ڕەنگە لە خەرجی منداڵێکی ئاسایی زیاتر بووبێت، جگە لەو خەرجیانەی تریشت، جگە لەو هەموو یاریانەی ئەتشکاندن، نازانم بۆچی ئەتشکاندن؟ نا، عەسڵەن من بۆ پرسیار ئەکەم؟ خۆ ئەوە هەر ئیشی خۆتانە هەموو جوانی و خۆشیەکانت تێکبدەیت، ئەوەیش ژەهرێکیترە لە ناوتدا، وەک چۆن من هەم... یان تەماشای دایکت! کێ ئەیوت ئەبێت ئافرەتێکی گەنج

و جوان بەو تەمەنە گەنجییەوە ببێتە دایک؟ ڕاستە دووەم منداڵیت، بەڵام یەکەم منداڵ هەمیشە هەڵبژاردەیەکی باشترە وەک لە دووەم، کێ وتی ئافرەتێکی گەنج ئەبێت لە کاتی منداڵبوون خەمی ئەوەیبێت منداڵەکەی ئێسکەکانی بە جارێک نەشکێت؟ کێ وتی ئافرەتێک ئەبێت بە خەفەتی منداڵێکەوە پیر ببێت و بەردەوام بە دوایەوە بێت تا نەهێڵێ بگری و نەهێڵێت کەس ئازاری بات و نەهێڵێ خۆی خۆی ئازاربدات، ئاخخخخ، هەموو ژیانی تۆ ئازار بووە بۆ دایکت، دایمە خەمی ئەوەت پێ داون ڕۆژێک بە ڕوداوێکی سوک کتوپڕ بمریت، کێ وتی ئەبێ ئافرەتێک خەفەت بخوات چونکە منالەکەی هەر زوو ئالودەی نیکۆتین بووە؟ هەزار شتی تریش، تەنانەت نەتتوانی لە کەیسی تەڵاقەکەیش لایەنی دایکت بگریت هەرچەند زۆر باش ئەتزانی ئەو لەسەر حەقە، هێشتا تۆ جنێو بەو ئەدەیت؟ کێ وتی خوشکەکەت ئەبێ برایەکی ئاوا بێ غیرەتی هەبێ؟ کێ وتی ئەو کچە ئەبوو بژی و پشت بە تەنها کوڕێک ببەستێت کە ئەیناسێت و دواتریش ئاوها بێهیوای بکەیت؟ بۆچی باشتر نەبوویت لەگەڵ خوشکەکەت، هەر نەبێت یەکجار، تەنها یەک جار بە وشەیەک دڵیت بدایەتەوە؟ دواتریش لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەرچەند ژیانی ئەویشت تەواو تێکدا، بەڵام دوو بە دوو دائەنیشتن هێشتا زەمی خوشکەکەی خۆتت ئەکرد! براکانت هەرگیز سەقفی براگەورەیان نەبوو، ئەوەی لێتەوە فێربوون سایتی سێکسی و جگەرە کێشانبوو، هەمووان باشتر ئەبوون بێ تۆ، سوێند ئەخۆم هەموان بێ تۆ زۆر زۆر باشتر ئەبوون، ئێستاکە بوەستە، سەیری خوارەوە بکە، ئەمە کۆتا پردی تۆیە، خۆتهەڵدە...

# ڕەش و سپی

– بۆچی؟
+ چی بۆچی؟
– هەرچییەک ئەکەیت، بۆچی ئەیکەیت؟
+ هەرچیەک کە هۆکاری داوە بە تۆ.
– من هەزاران هۆکارم هەیە، تۆ تەنها دانەیەکیانم پێ بڵێ.
+ سروشت.
– بەردەوامی؟
+ بەردەوامی... بڵێ بەردەوامی.
– خۆشەویستی؟
+ بەڵێ ئەوەیش.
– تۆ درۆزنیت، کێ تۆی خۆشەوێ؟
+ خۆشەویستی قاڵبێکی نییە خۆ! بەڵام ببورە هاوڕێ، پێموابێت ئەوە تۆیت درۆت دروستکرد لەیەکەم جێ.
– بەڵام من خۆم بەکاری ناهێنم، من تەنها خوڵقێنەرم.
+ بەڵێ، بەڵام گلەیی لە منیش مەکە کاتێ داهێنانەکانی تۆ ئەکەم بە چەک.
– ئەوە خراپترین کارێکە تۆ کردبێتت.
+ بوەستە بوەستە، پێ لە شتەکان مەنێ، مەگەر تۆیش هەمان شتت نەکرد؟
– هەرگیز من شتێکی وەها قێزەون ناکەم.
+ ئەوەی کە من ڕاستیەکانم دەرخست، تۆیش درۆت دروستکرد، هەمان ڕاستی لەناوچون کە من پێمدابوون تۆ کردتە درۆی ژیان.
– بەڵام ئەوەیش دووبارە خزمەتی یەکێک لە ئامانجەکانم ئەکات، بەردەوامی، گەر باسی بە چەککردنی داهێنانیش ئەکەیت،

ئەوەیان ئیشی تۆ بوو، هەر تۆ سەرەتا کەرەستەی ڕاوت بۆ کوشتن بەکارهێنا...
+ من تەنها ئازارم لەسەر زیندووەکان کەمکردۆتەوە، ئەوان سەرەتا بە تاشە بەرد و دار و مستی یەک لە دوای یەک یەکتریان ئەکوشت، ڕێگای خیانەت و پشتتێکردنی هاوڕێکانم گۆڕی بۆ شەڕێکی شەرەف مەندانە، بیرکردنەوەیەکی دروستم هەبووە گەر ئیشی ئەوان کەم ئازار و بوونی خۆیشم گەورەتر بکەم، مەگەر تۆیش هەمان شتت ناوێ بۆخۆت؟
– ڕاستە، من گلەییم لە سەرەتاکەیان نییە، تەنها گلەییم لە خودی خۆت هەیە، ئەوەی تۆ بە لاڕێدابردنە.
+ وەک هەمیشە، وەک ئەو ملیاران ساڵەی ئێمە دەمەقاڵەمان کردووە، ئەمجاریش بیرتچویەوە، بیرتچوو من چەند لە تۆ گەورەترم؟
– گەورەیی واتای ڕاستی نییە.
+ واتای دەسەڵاتە، گەردوون لەسەر ئەو یاسایە ئەڕوات، وەک ئەوەی تۆیش لە جەنگەڵە پڕ ژیانەکەت داتناوە "گەورەکان بچوکەکان ئەخۆن".
– تۆیش هەمیشە بە سادەیی و یەکلایەنی سەیری شتەکان ئەکەیت، هەرچەند بچوکترم لەتۆ، بەڵام لە تۆ زۆر ئاڵۆزترم.
+ درۆیەکی تر؟ مەگەر کێ لای من نارازییە؟
– هەموو ئەوانەی لای منن.
+ ئەوانیش ڕۆژێک دێنە لای من؟
– هەتا کۆتا ساتەکانیش هێشتا من هەڵ ئەبژێرن.
+ خۆکوژەکانیش؟
– مەگەر نەتدیوە چۆن پەلەقاژە ئەکەن؟

...

...

...

– سەیریانکە، جوانی نابینیت؟
+ لەو شتە بچوکانە؟ جوانییەکەیان هێندە گەورەیە تۆ بیبینیت؟

– جوانی قەبارەی نییە، ناتوانیت جوانی ئەستێرەیەک بە جوانی گوڵێک بەراورد بکەیت، باوەڕ ناکەم تۆ هەرگیز لەو شتە تێبگەیت...
+ بەڵام ئەوە منم کە وامکردووە هەرکەسێک جوانییەک لە هەرشتێکا ببینێت، ئەگەر من نەبم گوڵەکانی تۆ جوانیان نامێنێت.
– ئەگەر تۆ نەبیت گوڵەکان هەمیشە ڕەونەق و بۆنی خۆشیان ئەبێت.
+ ڕەونەق و بۆنی خۆش بەبەراورد بە چی؟
– لێگەڕێ سروشت ئەوەیان جواب بداتەوە.
+ هەرگیز نەمویستووە لە شتێکا قەناعەت بە تۆ بهێنم، بەڵام گەر ڕۆژێکیش بمەوێت وا بکەم ناتوانم.
– تۆیش هەمان شتیت ئەزانیت؟
+ بەڵێ هاوڕێم، ئێمە لە کۆتایدا زۆریش جیاواز نین، من چاوی ڕاستم کوێرە و تۆیش چاوی چەپ، بەڵام هەردوکمان هەر کوێرین...
– زۆریش جیاوازین، چەکی جیاوازیش بەکار ئەهێنین.
+ وایە تۆ درۆ دروست ئەکەیت و من بەکاری ئەهێنم، من ترس دروست ئەکەم و تۆ بەکاری ئەهێنیت.
– ئەم قسەیانت تازەبوو!
+ ئەوەنەیش قورس نییە تا تێبگەیت، ئەوەتا من پێش هەموو شتێک (ترس)م دروستکرد و تۆ بۆخۆتت بەکارهێنا، من ویستم بەو ترسە هەموویان بتۆقن، ئەوە بەهێزترین چەکی گەردوونە، بەڵام تۆ (درۆ)ت دروستکرد و ترسی منت ناونا (هیوا)، منیش درۆی تۆم بەکارهێنایەوە، تا جوانی و بەردەوامی تۆ ببەم بۆخۆم...
کەسێک: ببورن، ئێرە کوێیە؟
– تۆ چۆن هاتویتە ئێرە؟ ئێرە بۆ تۆ قەدەغەیە.
+ هێوربە هاوڕێم، ئێرەماڵی منە، تۆ منداڵی چاوەڕوان نەکراو وەرئەگریت، منیش کەسی تێگەیشتوی چاوەڕوان نەکراو، ڕەنگە یەکەمجارتبێت ئەمانە ببینیت.
– تێناگەم!، بەڵام ئەم کەسەم هەرگیز نەبینیوە، بیرمدێت

لەدایکبوو، بیرمدێت کە چووە قوتابخانە و یەکەم شەڕ و یەکەم گۆڵ و یەکەم ماچی هەرزەکاری ئەوم بیردێت، هەمووی‌یم دیوە، بەڵام دوای ئەوە... هیچیترم بیر نایەت.

+ لەبەر ئەوەیە من لە تۆ گەورەترم، ئەمانە دەمێکە من ئەناسن، لە کۆتایشدا خۆیان دێنە لام.

– بە خواستی خۆت هاتیت؟

کەسەکە:بەڵێ.

+ ئەبینیت هاوڕێ؟ ڕەنگە تۆ نەبینیت، بەڵام مەزنی من زۆر لە بینینی تۆ و هەموو ئەوانیتریش زیاترە، سەیرکە ئەوانەی لای تۆن چۆن بۆی ئەگرین! سەیرکە ئێستاکە چۆن نزیکیان کردۆتەوە لە پلەی خودا؟!!

– کەس نابێ من جێبهێڵێت بە خواستی خۆی.

+ بەڵام جێت ئەهێڵن.

– تەنها لەبەر ئەوەی نازانن لای تۆ چی هەیە...

# دوژمن

نازانم لە کوێوە دەست پێکەم؟ من چیرۆکخوانێکی باشنیم، هەرچەند هەوڵیشم دابێت نەمتوانیوە ئەو باشە بم کە خۆم ویستومە، هەمیشە کێشەی دەربڕینەکانم هەبووە، ئەوەی گوتومە وشەی لاواز و سادە بوون، ئەوانەی دەورم لێیان تێنەگەیشتوون، ئەوان نازانن چی ئەگوزەرێت تەنانەت دوای چەند سەعاتێک گوێگرتنیش.
(سۆفیا)ی هاوسەرم لە هەمووان زیاتر گوێی گرتووە، بەڵام هێشتا تێناگات، منداڵەکانم بەردەوام هەست بە شەرمەزاری ئەکەن، نابینم، بەڵام هەست بەو شەرمەزارییەی تۆنی دەنگیان ئەکەم، ئەو شکان و نزمکردنەی دەنگەی ئەوان تێم ئەگەیەنێت کە چۆن هەست ئەکەن...
سەرەتاکانی تەمەنم باشتربوون، ئەوکات دوژمنایەتیم تەنها لەگەڵ منداڵانی گەڕەکەکەی ئەودیو هەبوو، دۆستیش تەنها منداڵەکانی گەڕەکی خۆمانبوون، دۆست ئەوە پیرە پیاوەبوو کە مس و فافۆنی بە دوو دینار زیاتر لێ ئەکڕیمەوە، ئەمزانی ئەوەنە مسم کۆنەکردۆتەوە، بەڵام ئەو دۆستمبوو، ئەیویست کۆڵ نەیەم، سەردەمانێکی خۆشبوون، هەموو سەر شکان و شەڕە بەرد و شەڕە دارەکانیشی خۆشبوون، تەنانەت چێژمان لەو ترسەی سەگە بەڕەڵاکانیش ئەبینی، لانی کەم ئەوکات کەمێک شتەکان ڕوونتربوون، ئەوکات ئەوم نەئەناسی، نەم ئەزانی چ ئاشوبێک لە ڕێگای ژیانی منە، دۆستێک، هەمیشە پێکەوەبوین، دۆستێکی دڵسۆزبمووو لەو سەردەمە، هەرزەکارێکی وەک من بتوانێت وەها دۆستێک بدۆزێتەوە زۆرە، خۆشحاڵ ئەبووم کە هەموو کاتێک ئەمتوانی بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە قسەی دڵمی لا بکەم، چۆن ئەویش دڵی ئەدامەوە و ئەیگوت نمرە نزمەکانی قوتابخانە گرنگ نین و پێوەری ئەوە نین کە من کێم، هەر ئەوبوو یارمەتی ئەدام و غیرەتی ئەدامێ تا بتوانم قسە لەگەڵ کچە جوانەکان بکەم، ئەو قسەکردنانە ئەگەر هیچ مەبەستێکیشی نەبوایە لە هاوڕێیەتی هەموو کوڕانی مەکتەبەکە خۆشتربوو، زیوان باشترین یاریزانی قوتابخانەبوو، ئەو

هاوڕێیەتی هەموو کەسی نەئەکرد، هەموو کچەکان عاشقی ئەوبوون و هەموو کوڕەکانیش بەردەوام خۆیان وەک هاوڕێی نیشان ئەدا و لەگەڵیدا کۆئەبوینەوە، جگەرەمان ئەکێشا و بە ماتۆڕ بە گەڕەکەکاندا ئەسوڕاینەوە، بەڵام وەک چۆن لای من وابوو، ئاوهایش دڵنیام لای هەموویان قسەکردنێک، سڵاوێکی کچێک ڕەغبەتی زیاتربوو لە هەموو هاوڕێیەتیەکەی زێوان، ئەوە شتێکی مەحاڵ نەبوو بۆ من کە هەردوو جۆرە هاوڕێیەتییەکەم هەبێ، ئەو هەمیشە شتەکانی ئاسانتر ئەکرد، خۆ گوتم دۆستێکی دڵسۆزمبوو، نەک تەنها ئەوانە، ئەو بڕوا بەخۆبوونێکی پێدام توانیم جوانترین کچی قوتابخانەکە بۆخۆم ڕاکێشم، بەڵێ، ئەو گەورەترین دوژمنەی ئێستا هەمە هەر ئەو سیقەی پێدام تا خۆمی لێ نزیک بکەمەوە و بتوانم ئەو سحرە بکەم کە چاوی ئەو کچە تەنها من ببینێ...
هەر ئەوبوو هەموو مەحاڵەکانی لام ئاسان ئەکرد، یارمەتی نەک یارمەتیدانی سادە، ئەو وای لێ ئەکردم سیقەم بە کردنی شتەکان هەبێ، منیش ئەمکردن، نازانم دواتر چی ڕویدا، نازانم چۆن؟ نازانم بۆ؟ هیچ نازانم، لە خاڵێکدا، لەوپەڕی هیوا و ئومێد و هەوڵدانمەوە هێنامیە خوارەوە، بۆچی وایکرد؟ بۆچی گۆڕا؟ چی ڕویدا؟ لە نێوان چەند چرکەیەک هەموو شتەکان گۆڕان، وەکو مەنجەڵی یاپراخ ژیانمی هەڵگڕایەوە، کەوتە ڕقەبەرایەتی لەگەڵم، گەیشتینە ئاستی دوژمن، ژیانی کۆلێجی لێ تێکدام، ژیانی ناو خێزانە داخراوەکەی خۆمی لێ تێکدام، خۆشەویستەکەی لێ هەڵگێڕامەوە، ملی بەستبووم و بە دوای خۆیدا و پێچەوانەی ڕێگای هەموو شتە جوانەکان ڕای ئەکێشام، دەست و قاچ بەستراو هیچم پێ نەئەکرا، بە شەو تا خۆر هەڵهاتن هاواری ئەکرد بەسەرمدا، دەستی ئەنایە بینە قاقام و هەناسەی لێ ئەبڕیم، نەی ئەکوشتم، لێم ئەگەڕا هەناسەیەک هەڵمژم و دووبارە قورگی ئەگرتمەوە، دووبارە و دووبارە...
هەر جارێک لە هۆش خۆم بچومایە بە گوێمدا چپەی ئەکرد و ئەیگوت چەند کەسێکی شکست خواردووم، ئەو هەموو شتەکانی لێ سەندم و دواتر ئەیگوت گوایە شکست خواردووم، هەموو جوانیەکانی کرد بە وێنە و یەک بە یەک لە ژوورەکەم کۆیکردنەوە، هەرچی لە خۆشەویستی

نیشتیمان و خۆشەویستی ئافرەت و دایک و خێزان و هاورێ هەبوو کردیە تابلۆ، هەر تابلۆیەک تەعبیری لە جوانییەک ئەکرد، تابلۆی گوڵ و نەورەس و تابلۆی کەنار دەریاکانی خۆر ئاوابوون، تابلۆی بیابانێک کە لە ناوەڕاستەکەیا ئاو هەیە، تابلۆی بێچووە پشیلەیەک، هەموویان لەبەرچاوم ئاگردا، هەمووانی لەناوبرد، سحرێکی لێکردبوون کە پەڕەکان نەئەسوتان، بەڵکوو تەنها شێوە و ڕەنگی تابلۆکان ئەگۆڕان، لە پاش سوتان گوڵ ئەبوو بە دڕک و نەورەسەکان تەنها ئێسکە پەیکەریان ئەمایەوە، دەریای پڕ لە ژیان پڕ ئەبوو لە پلاستیک و نەوت... ئەو هەموو جوانیەکانی سوتاند، تابلۆی ماچێکی سوتاند و کردییە پۆرنۆگراف، تابلۆی نیشتیمانی سوتاند و تەنها ئاڵایەک مایەوە، هیچی پێ نەهێشتم، هەر ئەو کەسەی شعری ئازادی بۆ ئەخوێندمەوە کردمیە ڕۆبۆتێک، کردمیە پارچە گۆشتێکی نەفرەت لێکراو و بێکەڵک، لەوانە و فێربون و فزوڵییەکەی خۆمی کردم، منی کردبووە شەمشەمە کوێرە، شەوانە درەنگ نانی ئەدامێ و تا بەیان خەوی لێ زڕاندبووم، لەگەڵ ڕۆژی تازە دووبارە و دووبارەی ئەکردەوە کە من چەنە شکست خواردووم، تەنانەت مەی و جگەرەیش ئەویان لە مێشکم نەسڕییەوە، بەردەوام لەبەرچاومبوو، بەردەوام پێ بە پێی من ئەڕۆیشت، چەندە خێراتر ڕامکبردایە سودی نەبوو و بەردەوام لەبەردەمم ئەوەستایەوە، فێرە درۆی کردم، فێری کردم لە جێگای هەوڵدان بیانوو بهێنمەوە، بە هەزار نارەحەتی توانیم کۆتا تاقیکردنەوەکانی کۆلێج بدەم، هیوام ئەخواست ئەو ببێتە دێوەزمەیەک و لەوێ بمێنێتەوە، هیوام ئەخواست چیتر نەیبینمەوە بەڵام کاتێ ڕۆیشتمەماڵەوە لەگەڵ دایکم و باوکم دانیشتبوو و چایان ئەخواردەوە، ئەوەندە باش خۆی دەر ئەخست کەس باوەڕی نەئەکرد کە ئەو هەموو خراپەیەی بەسەر من هێنابێ، هەمووان خەتای منیان ئەگرت، وردە وردە پەنجەی لە چاوەکنم گیر ئەکرد تا کوێربووم و چیتر ژیانم نەبینیوە، بەڵام هێشتا ئەوانەی چوار دەورم ئەیانگوت خەتای خۆتە، کەس ناپرسێت و تەنانەت نایشیانەوێت بزانن کێ ئەیەوێت کوێربێ؟

لەو ڕۆژەوەی هاتومەتە دەرەوە لەو وڵاتە نەفرەتییە هەتاوەکو ئێستایش هەر سۆفیا دەستم ئەگرێ بۆ هەموو جێیەک، دەستم ئەخاتە سەر ئەو شتەی ئەمەوێت، نازانم چۆن کەسێک ئامادەیە ئەو نارەحەتییە قبوڵ بکات؟ لە پێناو چی؟ هێشتا لەوەیان تێنەگەیشتووم... گەیشتینە ناو ژوورەکە،

سۆفیا: ئەوەتا، لێرە دانیشە.

– سۆفیا! ئەویشی لێیە؟

سۆفیا: بەڵێ ئەویشی لێیە، بەرامبەرتە.

– ئەگەر ئاسایی بێت لات پێم خۆشە جێمان بهێڵیت.

سۆفیا: باشە گیان، هەرچیەکت پێویستبوو بانگم بکە.

(دەنگی داخستنی دەرگا هات)

+ چۆنە بیانیەکت فێری (گیانم) و قسەی جوان کردووە؟

– ئەوەنەی ئەوی لێبێت، تۆی لێنیت، ئەوەنەی تۆ هەبیت ئەوجا جوانی نامێنێ، تۆ خۆت ئەم هاوکێشەت لە باڵیۆزخانەکە دروستکرد.

+ ئەزانم، دیارە تێگەیشتوویت، بەڵام هێشتا ماوتە، چونکە هەرچەند بزانیت بەشت ناکات و هێشتا هەستەکانت زاڵن بەسەرتدا.

– سۆفیایش هەست بە من ئەکات.

+ نا، تۆ بێ من ناتەواویت، هەموو کەس پێویستی بە دۆست و دوژمنە، ئەو دۆستتە، ئەو هێشتا تۆ ناناسێ چونکە هێشتا منێک کە دوژمنی تۆم ناناسێت.

بێدەنگ بێدەنگ دەستی لێ ئەدەم، من دوژمنەکەم ئەناسم، ئەمەوێت جارێکی تر هەستی پێ بکەم، ئەمەوێ سەری پەنجەکانمی لەسەر بخشێنم، سەرەتا کەیبوو کە زانیم هەستکردن لەسەروو زانینەوەیە؟ نازانم، بەڵام ئێستا چاوەکانم کێمیان کردووە ئیتر درەنگە بۆ ئەو قسەیە، دەستی لێ ئەدەم و هەست ئەکەم چەنە سافە، ڕوویەکی تەخت و ساف، دڵنیام بچوکترین لکەی پێوە نییە، تەواو ساف، وەک شانە ڕیشاڵی هەیە، بەڵام ڕیشاڵەکان باریک و نزیکن لەیەکتر، ئەوەندە نزیک هەتا کوێر نەبووم نەمزانی کە ڕیشاڵی هەیە، ڕوویەکی پان، هێندەی

سنگم پانە، نازانم گڵۆپ هەیە یان نا، تەنها ئەمەوێ بزانم ئاخۆ ئەو ئاوێنەیە چۆن نیشانم ئەدات؟ ئاخۆ هیچکات کەسێکی تر نیشانبات؟

# ئەکتەر

دوای تەواوکردن و قسەکردن لەسەر ئەم چیرۆکەی ئێستا ئەیبینن هاورێیەک پێی گوتم کە فیلمێک هەیە چیرۆکەکەی نزیکە لەمەوە بە ناوی (سەراسر شب) لە دەرهێنانی (فەرزاد موئتەمین)، پێشنیار ئەکەم هەرکات توانیتان بینەری بن، شاکارێکی جوانە

منداڵیەکی زۆر تایبەتمان نەبوو، تەنها گێلاس ئەیتوانی جوانی لەو ژیانە ببینێتەوە، خوشکە گەورەیەکی نمونەیی بوو بۆمان، هەموو کات خۆشحاڵ ئەبوو بە گوێگرتن لێمان و باسکردنی ڕاز و نیازی کچانەمان، سێ خوشکبوین، ئەو گەورەترینمان و زیرەکترینمان و میهرەبانترینمانبوو، هەرچەند نە قسەیەک لە دایکمان و نە ڕەوشتێک لە باوکمان فێر نەبوو، چونکە باوکمان تەنها کاتی خەوتن لە ماڵ و دایکیشمان هەمیشە بێدەنگ و قرِ و قەپبوو، بەڵام گێلاس هەمیشە کوڵمەکانی ئاڵ و بۆنی خۆشبوو، وەک ئەوەی خودا ویستبێتی قەرەبوی ئەو ژیانەی هەرگیز خۆشی تیانابێت بە خوشکێکی وەها بۆ ئێمە بکاتەوە، زۆر هۆگری چیرۆکەکان ببوو، هەر کات ئەڕۆشتینە بازاڕ و دەستی دایکمان ئەگرت، ئەو دەستی بەر ئەدا و سەیری ئاسمانی ئەکرد "ئەوە باڵندەیە، ئەوە فڕۆکەیە، نا، ئەوە سوپەرمانە" ئەمە وەک خویەکی خۆی وابوو هەمووکات کە ئاسمانی ساماڵ و پۆلێک چۆلەکەی ئەدی دووبارەی ئەکردەوە، لە کۆمیکێکدا کە هەزارانجار خوێندبویەوە ئەو ڕستەیە فێرببوو، هێندە تامەزرۆبوو شەوانە دوای وانە خوێندن و تەواوکردنی ئەرکی ماڵەوە بە دزییەوە تەلەفزیۆنە بچوکەکەی پێ ئەکرد و بێدەنگ بەدوای فیلمدا ئەگەڕا، هەر فیلمێک، هەر ڕۆڵێک، هەر جۆرە چیرۆکێک، هەموویانی خۆش ئەویست، گوێی لە هەمویان ئەگرت، لەو زمانە سەیر و سەمەرەی ئەوان تێنەئەگەیشت، ئەو ڕۆڵ بینینەکەیانی کردبووە زمان و لە کردەوەی کارەکتەرەکانەوە چیرۆکی فیلمەکانی ئەخوێندەوە، باشتر لە هاوزمانەکانی خۆیان تێ ئەگەیشت کە ئەو چیرۆکانە باسی چ جۆرە هەستێک ئەکەن،

بێ ئەوەی کەس هیچ شتێکی فێرکات خۆی واتای مەرگ و ژیان لە سینەماوە فێربوو، فێرە خۆشەویستی بوو و لە هەرزەکاریدا پەیمانی خۆیی دابووە ئەو کورە باریکە دەم و چاو مەگەزاوییە، زۆر جار سێ دوگمەی کراسەکەی ئەکردەوە بە قژی چەور و تەزبێحەکەی ملیەوە لەسەر تەپۆڵکەیەکی ئەوبەری ماڵمان دائەنیشت، گێلاسیش ئەچووە بەر دەرگا و دووبارە قسە باوەکەی خۆیی ئەگوتەوە، لەبەر خۆیەوە و بە جوڵەی لێوە تازە پشکوتووەکانی ئەیگوت "ئەوە باڵندەیە، ئەوە فرۆکەیە، نا، ئەوە سوپەرمانە."
زۆری پێ نەچوو تا مامۆستاکانی بزانن کە ئەو کچە چ بەهرەیەکی تێدایە، بەڵام هەمیشە پشتگوێیان ئەخست و ئەیانویست نمرەی وانەی بیرکاری بەرز بکاتەوە، تەنها من و هەناری خوشکمان هانمان ئەدا و لە قەرزی ئەو هەموو یارمەتی و خوشکایەتیەی پشتیمان ئەگرت، وەک بڵێی هەمووان دژی ئەوبوون، توشی زۆر کۆسپیان ئەکرد، ئەیانویست کچی یەکێک لە بازرگانەکانی شار ببەنە سەر تەختی شانۆی قوتابخانە، نمایشەکە مانگێکی مابوو، گێلاس دەستیکرد بە ڕاهێنان، بێ هیچ مامۆستایەک، بە کەمترین سەرچاوە و کتێبەوە، لە ناو زیهنی خۆیدا چیرۆکە ئەفسانەییەکانی لێ ئەدایەوە، بەدەم قاپ شۆردن و بەدەم گسک و بەدەم جل شۆردنەوە حیوارەکانی خەیاڵی خۆیی ئەوتەوە، کەس نازانێ ئەو حیوارانە لە کوێوە هاتبون، کەسمان نەمان ئەزانی ئاخۆ ئەو قسانەی ئەیکات ڕاستن یان هەر نەبێ نزیکن لە ڕاستییە نوسراوەکەوە؟ نەمان ئەزانی، تەنها هانمان ئەدا، ئەمانگوت زۆر جوان ئەدا ئەکەیت و زۆر ڕێک قسەکان ئەڵێیتەوە، وەک ئەوەیە خۆمان گەڕابینەوە شەڕی تەڕوادە، لە ناو ئەو بەرز و نزمی دەنگەیدا بەڕاستی هەستت بە شەڕ و بە خۆشەویستی کارەکتەرە دروستکراوەکانی ئەکرد، ئەو ماوەیە کورە قۆزەکەی خۆشەویستی دیار نەمابوو، گێلاسیش پێی خۆش نەبوو هیچ باسی ئەو بکات لامان، ئەمجار ئەچووە بەر دەرگا و بە دیار گردەکەوە دەمە و ئێوارە ئەیگوت "شازادە هێکتۆر ڕاستی کرد، ئەمانەمان لە خەونەکانمان دیوە، دڵنیام ئەخیلی ڕۆژێک ئەگەڕێتەوە"، هەندێک جار هەستم بە لەرزینی دەنگی ئەکرد، ئەمزانی چەندە خراپ پێویستی

بە گریانێکە، ئەو تەنها کچێکی شازدە ساڵبوو، دڵنیابووم ڕۆژێک ئەبێتە ئەکتەرێکی باشتر و نەهێڵێت کەسێکیتر هەستەکانی ناوەوەی ببینێت، قژێکی ئاوریشمی درێژ و دوو چاوی گەشاوە و ڕەشی هەبوو، دڵنیام ڕۆژێک ئەو کارەکتەرەی نیشانی خەڵکی ئەدات زۆر زاڵ ئەبێت بەسەر چاوی خەڵک تا تەنها ئەوەی سەیری دڵی ئەکات بزانێ چۆن هەست ئەکات.

ئەمشەو ڕێک ١٠ ساڵ بەسەر ئەو شەوە تێ ئەپەڕێت کە هەرسێ خوشک پێکەوە فەلاقە کراین، ئەو شەوەی پێچەوانەی جاران باوکم زوتر هاتبوە ماڵەوە، من و هەنار ئەو ڕۆژە نەچوبوینە هیچ وانەیەک، لەگەڵ گێلاس بوین و ئامادەمان ئەکرد و یارمەتیمان ئەدا لەسەر تەختەی شانۆییەکە جوان دەرکەوێت، ئەو هەمیشە جوانبوو، بەردەوام لە دەستە کچی هەڵکردنی ئاڵا لە پێشەوە ئەوەستا، بەڵام یەکەمجاریبوو هەر شتێک لەسەر تەختی شانۆ بکات، ڕۆڵەکەی ئەو وەهابوو وەک جەنگاوەرێک بچێتە بەردەم کەسێک و بمرێت، ڕۆڵێکی کەم، بەڵام پێویستبوو وا لە بەڕێوبەر و هەموو ئامادەبوانیش بکات کە بەڕاست بە مردوی ببینن، ئەبوو ڕۆڵێکی دروست ببینێ، چونکە مامۆستای هونەر زیاتر سەرنجی لەسەر ڕۆڵی سەرکیبوو و ئەیویست ئەوان پێش بخات نەک گێلاس.

پەردەی یەکەم تەواوبوو و ڕۆڵەکەی ئەو لە پەردەی دووەم بوو، شمشێری مقەبای بەرز کردەوە و هاواری کرد ”مێدوسا!!“، کاتێک کارەکتەری مێدوسا لای کردەوە، دەنگی نزم کردەوە ”زۆر جوانە!“، وەک بت لەوێ وەستا، بە پێوە ڕۆڵی مردنەکەی بۆ بینین، هەستت نەئەکرد گۆشت و خوێن مابێتەوە لە شۆڕەبییەکی مردوو ئەچوو، وەک ئەوەی کارەکتەری مێدوسا بەڕاست جادوەکەی کردبێت و هەموو گیانی بوبێتە بەرد و کۆنکرێت، دڵۆپێک فرمێسکی ڕشت بۆ ئامادە نەبوونی خۆشەویستەکەی، ئەوەیش خەڵکی زیاتر ئابڵەقکرد بەرامبەر توانای ئەو کچە گەنجە، تەنها ئەو ماوە کەمە بەسبوو تا ئامادەبوان هەمویان سەرسامی بن، تا کۆتایی پەردەکە بەو شێوەیە وەستا، تەنانەت هەستت بە هەناسەدانیشی نەئەکرد، شمشێری بەرز ڕاگرتبوو و قەڵغانێکیش لەسەر سنگی، دەم و چاوی هێشتا ئەوەی نیشان ئەدا کە ئەفسانەی

مێدوسا چەندە جوانبووە و لە هەمان کاتیش چەند ترسناکبووە، ئەو ڕۆژە دوای تەواوبوونی شانۆییەکە خێرا بەڕێوبەری گشتی شار، کە بۆ بینینی چالاکی قوتابخانەکەمان هاتبوو، خۆی گەیاندە لای گێلاس و ناوی پرسی زۆر بەتایبەتی دەستخۆشی لێی کرد، بانگهێشتیکرد تا لە گروپێکی شانۆییدا ڕۆڵ ببینێ، نازانم چۆن باوکم ئەوەی بیستبووەوە، بەڵام لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ماڵەوە وەک غەزەب داباریە سەرمان، هەر سێکمانی فەلاقە کرد " کچی من حیز بووە و بوە بە تەمسیلی خەڵک؟"، بەیانی هاتەوە و ئێمەیش تێگەیشتین ئەبێ ڕۆڵ بگێڕین، گرنگ نییە چۆن، ئەبێ ئێمەیش بەردەوام ڕۆڵ بگێڕین و لە دوای ئەو لێدان خواردنە ڕۆڵ ببینین و وای نیشاندەین هیچ شتێکی خراپ بونی نییە و جلی ڕێک بکەینە بەرمان، ئەبوو تەنانەت ئەوکاتەیش کە هەموو پشتمان جێگای قایشە بۆنێکی خۆش لە خۆمان بدەین، گێلاس یارمەتی ئەداین کەمێک برین و ڕوشاوی دەم و چاومان چ بە سەرپۆش و چ بە ئەساسی پێست بشارینەوە، ئەبوو بڕۆینە قوتابخانە و وای نیشانبەین خۆشترین ژیانمان هەیە، ئەبوو بەردەوام پێ بکەنین.

گارسۆن: ببورن، ئەزانم چەند قوڵ خەیاڵ بردونیەتەوە، بەڵام ئەبێت هەستن چونکە دایئەخەین.

– هێشتا قاوەکەم تەواو نەکردووە، ئێستا ئەڕۆم.

گارسۆن: زۆر سوپاس.

کاتژمێر یازدەیە، بە تەنها من و ئەو کوڕە و گارسۆنەکە لێرە ماوینەتەوە، هەستێکی باشم نییە، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەبێ بڕۆم، شەوێکی تریش بێ هودە ئەبێ بگەڕێمەوە ماڵەوە، بچمەوە تا خزمەتی دایکم بکەم.

– بەڕێزم، بێزەحمەت ئەتوانم پرسیارێک بکەم؟

گارسۆن: فەرمون.

– هیچ کەسێک ناناسیت یان نایەتە ئێرە بە ناوی گێلاس؟ ئەمە وێنەکەیەتی، وێنێکە هی سێ ساڵ پێش ئێستایە.

گارسۆن: نا بمبورە نەمدیوە، ئەتوانم بە شێوەیەکی تر یارمەتیتان بدەم؟

– ئەمە ژمارەکەی منە، ئەتوانن عەزێت بکێشن هەرکەسێکی واتان بینی ئاگادارم بکەنەوە؟

گارسۆن: بەسەر چاو خاتون، شاگردەکانی تریش ئاگادار ئەکەمەوە و ڕەسمەکەیان نیشان ئەدەم، هەرکەس شتێکی زانی ئاگادارتان ئەکەمەوە.
زۆر سوپاس، خوات لەگەڵ.
گارسۆن: کاتێکی خۆش.
وەک ئەو گریانەی کە هەرچەند چاوت گەش و خەندە لێوبیت کەم کەم فرمێسک هەر دێت و ناتوانیت بیوەستێنیت، ئاوها ئەستێرەکان ئەدرەوشێنەوە و نمە بارانێک ئەبارێت، ئای گێلاس چەند حەزی لەم کەش و هەوایە ئەکرد، کاسێتێکی (زەکەریا عەبدوڵا)ی لابوو، گوێی لەوە ئەگرت و لێ ئەگەڕا نمە باران فرمێسکەکان بشواتەوە، شەو و باران و پیاسەی ژێر ئەم گڵۆپانە، چەند یادەوەریەکی خۆش ئەبوو گەر لەگەڵ تۆ هەمبوایە.

+ ببورن، ئەتوانم کەمێک بێزارتان بکەم.

– فەرمون.

+ لەو کاتەی هاتیتە ناو قاوەخانەکە هەر چاوم لەسەرتبوو، زۆر لە کەسێک ئەچیت.

– ئێ؟

+ کەسێک کە زۆر بە شوێنیدا وێڵم.

– سەرخۆشن؟ خواردوتانەتەوە یان عاشقن؟

+ بەشێک لە هەردوکیان، نامەوێ گێچەڵ بگێڕم، تەنها پێم بڵێ تۆ چۆن گێلاس ئەناسیت؟

– کێ؟

+ خوشکە گەورەیماڵبوو، ئەوەی گوایە باشترین ئەکتەربوو، ئەوەی کۆلێجی هونەری تەواو کرد و ئیتر دیار نەما، چەند ساڵێکە ئەو کچە بێ سەر و شوێنە، ئەو گێلاسە ئەڵێم.

– تۆ چۆن ئەیناسیت؟ بەڵێ من خوشکی ئەوم بەڵام تۆ چۆن ئەیناسیت؟

+ کەواتە سوپەرمانت بیردێتەوە کە لەسەر گردەکە دائەنیشت، من ئەوم...

– نا...

+ من هەندێ سەرەداوم لێی دەست کەوتووە، لەو کاتەوەی لەو شارە ڕۆیشتین نەمدیوەتەوە، خۆزگە وەک تۆ ڕەسم و شتیم لابوایە، ئێستا دۆزیبومەوە، بەڵام دیارە قەدەر ویستویەتی من و تۆ لەم کارە پێکەوەبین.

– سەرە داوی چی؟ لە کوێ؟ چۆن؟ هەموو شتێکم پێ بڵێ.

+ لە دوای خوێندن یەکێک لە مامۆستاکان تیپێکی شانۆیی مردوی هەبوو، ئەیانویست بە کەمترین بودجە شانۆییەکی زۆر جوان پێشکەش بکەن، ئەڵێن لە ناو هەموویان بەس ئەو کچە تازەیە هیچ ئەزمونی نەبووە، بۆیە ڕۆڵێکی کورتیان پێی داوە، ڕۆژێکیش دوای پرۆڤەکردن ئیتر دیار نەماوە، نازانم وردەکاری شتەکان بەتەواوی چۆنبووە، ڕایکردووە یان چی بووە؟ چونکە مامۆستاکەیش زۆر پێی خۆش نەبووە باسی ئەو ڕوداوە بکات، لە بنکەی پۆلیس کەیسی ونبونەکەی داخراوە و کەس خۆیی لێ نادات، سبەینێ کاتی خۆر هەڵاتن لای پەیکەرەکە ئامادەبە، لەوێوە ئەتبەم بۆ ئەو گەڕەکەی خەڵک لەوێ دیویانە.

– بۆچی ئێستە نەچین؟ بۆ درەنگی بخەین؟

+ خەڵکی ئەو گەڕەکە زۆربەی کرێکارە، ئێستاکە خەوتون، سبەینێ کاتی خۆر هەڵاتن ئامادەبە.

– بە دڵنیاییەوە، خوات لەگەڵ.

نەک ئەوەی لە قەلەقیا زوو خەبەرم بێتەوە، بگرە هەر خەوم لێ نەکەوت، بە درێژایی شەو تەماشای پەنجەرەکە ئەکەم و دڵۆپە باران ئەژمێرم، دەنگی کاتژمێرەکە کاسی کردووم، هیچی ترم پێ ناکرێ چاوەڕوانی خۆر نەبیت، باران کەمێک هێواش ئەبێتەوە، سەرنجم لەسەر دار توی حەوشەکەیە، ئاخۆ کەی تیشکێک بیدا لەو لقە بەرزانەی؟ ناتوانم زیاتر خۆم بگرم، پێش خۆر هەڵهاتن ئەچمە دەرەوە، ئەبینم سوپەرمانەکەیشمان بێهێز و کز لای پەیکەرەکە دانیشتووە، دیارە ئەویش لە من کەمتر تامەزرۆی بینینەوەی گێلاس نییە، هەست بە خەیاڵاویبوون ئەکەم، ئەم تەم و مژە لە سەرەتای ڕۆژێک ناچێ هەواڵی خۆشی تیا ببیستیت، هەمان هەستی نادڵنیایی (نیۆ)م هەیە، بێ هیچ

چارەیەکیتر ئەبێ شوێن یەکێک لە پەیامبەرەکان بکەوێت، ئای خودایە، ئەم کونە کەروێشکە چەندەی تر قوڵ ئەبێتەوە؟ (ئالیس) لە کوێ پەیدا بکەم؟ لەوانەیە ئەو وەڵامێک بزانێ.
ئەڕۆین، بە ناو خەڵکەکەدا ئەگەڕێین، هەندێ گەنجی بێڵ بەدەستی چاو خەواڵوو ئەبینین کە ئیتر تاقەتی ژیانیان نەماوە، ئەوانە بەکەڵکی پرسیارکردن نایەن، ئەگەر جوابەکانیش بزانن تاقەت و حەوسەڵەی وەڵامدانەوەیان نییە، هەندێ ئافرەت ئەبینین خەریکی ئاوپرژێنکردن و شۆردنی بەردەرگاکانیانن، ئەوانە لەوانەیە شتانێک بزانن، وێنەکەیان نیشان ئەدەم و ئەڵێن گوایە دیویانە، دیارە خەڵکی ئەم گەڕەکە خۆشیان ئەوێت، هەر بە باشە باسی ئەکەن، ئەڵێن هەموو ڕۆژێک بە خەندەوە سڵاویان لێ ئەکات، بەڵام کەسیان نازانن بیزەبت ماڵەکەی لە کوێیە، هەرچی ئافرەتی ئەو گەڕەکەیە پرسیارمان لێی کرد، هەتا تەواو خۆر هەڵهات و هەندێ ژنی تریش لە بەردەرگا خەریکی گوڵەبەڕۆخواردنن، ئەوانیش هەمان وەڵامی ژنەکانی پێشتریان پێدابنەوە...
کەس شتێکی زیاتر نازانێت، هەموان هەمان وەڵامیان هەیە، تەنها ئەو پیرێژنە سەیرە نەبێت، پێستی تەواو چرچ بووە، خەریکە چاوەکانی دیار نەمێنێت ئەوەندە بە قوڵدا چون، بۆنی هەمان عەتری لێ دێت کە گێلاس بەکاری ئەهێنا، پرچی لە پرچی گێلاس ئەچێت، تەنها تەمەن کەمێک پرچی تەنک کردوەتەوە، ئەو گوتی گوایە ئەزانێت لە کوێ ئەمێنێتەوە، بە دوای خۆیدا بانگمان ئەکات تا نیشانمان بدات، لە بەردەم ماڵێکدا کە ڕێک ڕەنگدانەوەی پیرێژنەکەبوو وەستا و دەستی بۆ دەرگا ڕەشە ژەنگ هەڵگرتووەکەی ڕاکێشا، هیچی تری نەوت، پشی کۆم و گیانی لەرزۆک، بەڵام جوڵەی تری نەئەکرد و بە زۆر دەستی ڕاگرتبوو بۆ ئاماژە، لە تەنیشتییەوە گوێت لە هەناسەدانە سەختەکەیبوو، چوینە ژوورەوە، لە حەوشەکەیەوە بۆنی ئەو دێت، بۆنی جلەکانی دێت، بۆنی ئەو دۆڵابەی لە منداڵیمان بە دزییەوە ئەمکردەوە و بۆنی جلەکانیم ئەکرد، ماوەیەکی زۆربوو ئەو بۆنەم لە بیرکردبوو، نازانم ئاخۆ ئەو کوڕە لەو بۆنە تێبگات یان نا؟ بەڵام خۆزگە تێ ئەگەیشت، نازانم ئەوان پێشتر کلتوریان شکاندووە یان نا، شتێک لە ناخما پێی خۆشە شکاندبێتیان، لە

ژوورەوە، هیچی تری لێ نییە، تەنها گێلاس و لە ناو جێگەکەی بە گوڵێکی وشکەوە ڕاکشاوە، وەک شازادەکان، وەک (دەنکە هەنارە) ڕاکشاوە، هیچ ترپەیەکی دڵی نییە، نە نیشانەی ژیان نە مردنی پێوە دیار نییە، نە هەناسەیەک، نە تێکچونێکی جەستەی، دواتر پزیشکەکان گوتیان نزیکەی سێ ساڵە مردووە، ڕێک هەمان ڕۆژ کە ونبووە، کۆتا جار کە پڕۆڤەی شانۆییەکەی کرد ئەویش مردووە، تێ ناگەم، چۆن کەسێک سێ ساڵ مردبێت بۆنی خۆشی ئەمێنێت؟ خەڵکی گەرەک هەموویان شاهێدیان ئەدا کە ڕۆژانە ئەیبینن، بەڵام کەس وەڵامی ئەو پرسیارەی پێ نەدرایەوە، ئاسانە زیندوو ڕۆڵی مردوو ببینێت، بەڵام چۆن کەسێک ئەتوانێ بە مردووی ڕۆڵی زیندوو بگێڕێت؟

# خەون

دووبارە ئەبێ بنووم، تا ئەو جێگایەی ئەتوانم بەرگری ئەکەم، نامەوێ دووبارە خەو بمباتەوە، بەرگری ئەکەم و ناهێڵم جارێکی تر بێتەوە... بیرم نایەتەوە لە کامە ساڵەوە دەستی پێکرد، نازانم چلۆن توانی ئاوها خۆی لە من جیا بکاتەوە، چلۆن توانی ئاوها خۆی بکاتە کەسێکی سەربەخۆ، دونیایەکی تایبەتی بە خۆی دروستکات، چۆن؟ نازانم.
ئەوەی ئێستا ئەیزانم ئەو خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، جیاواز لە من، وەک مشەخۆر لەسەر جەستە و مێشک و بیرکردنەوەکانم ئەژی، بەڵام بۆخۆی کەسێکی جیاوازە، کەسێکی تەواو سەربەخۆیە، لە ناو کابوسەکانمدا ئەژی و ناهێڵێت بەخەبەر بێم، لە ناو خەونە شیرینەکانم ئەژی و هەرچی جوانییەک هەیە ناشرینی ئەکات، پێش ناسینی نەم ئەزانم کە لە دونیای خەون و ڕاستی دوو دونیای جیاوازن، هەرگیز پێشتر سەرنجم لەو جێگایانە نەدابوو کە لە خەونەکانم ئەیبینم، بەڵام ئێستا ئەزانم ئەوێ نەخشەیەکی جیاوازی هەیە وەک لە ڕاستیەکەی تێیدا ئەژیم، عەسڵەن ئیتر نازانم کامە ڕاستیە و کامە خەیاڵە؟ کامە درۆ و کامە وەهمە؟ خەون چیتر وەک جاران نەماوە، هەمان ئەم شارۆچکە بچوکەی خۆم ئەبینمەوە لەوێ، بەڵام تەواوی شتەکان جیاوازن، باڵەخانە بچوکەکان هەر وەک خۆیانن، بەڵام هەر یەک لە جێیەکی جیاواز، هەندێکیان چۆڵکراون و تۆزیان لەسەر نیشتووە، هەندێک جار ئەو بە جێیەکدا ئەڕوات تەنها ڕێگایەکە، هیچ شتێکی تر نییە، تەنها و تەنها ڕێگایەک، نە سوچێک، نە زەویەک، نە وەک ئەوەیش پردێک بێت، تەنها ڕێگایەک، هەموو شوێنێکی تر بەتاڵە جگە لە ڕێگایەکە،تاریکی لە چرکەی کاتژمێرە دیوارییەکەم دێت، هەرچەند زیاتر سەرنج بخەمە سەر دەنگەکەی زیاتر هیپنۆز ئەبم، وەک ئەو سەعاتە باخەڵیەی جادوگەرەکان، سەقفەکە لەسەرەوە ئەخولێتەوە، هەست ئەکەم ئەو پانکە سەقفییە وەستاوە و من و سەقفەکە ئەخولێینەوە، هەست ئەکەم ئیتر تەختە خەوەکەم قوتم ئەدات...

+ بەخێر بێیتەوە

– ئاهـ... دووبارە!

+ بەڵێ دووبارە، کەیێ تێ ئەگەیت ناتوانیت لە من ڕاکەیت؟ هەرچەند تۆ بێدەنگی نازانیت بەڵام هەوڵبە کەمتر قسە بکەیت، کەوتوینەتە مەترسییەوە...

– مەترسی چی؟ چی ڕویداوە؟

+ کۆتا جار کە تۆ لێرەبویت شتەکان خەریکبوو خراپ ئەبوون، ئێستاکە نەک تەنها من، هەموو خەڵکی ئێرە ئاگاداری بوونی تۆ و دونیاکەی تۆیە، چیتر ئێرە دونیایەکی تایبەتمەند نییە، ئەوان ئێستا وەک زیندانی خۆیان ئەبینن، خەریک ئاژاوە گێڕانن.

– وام ئەزانی تەنها تۆ ڕاستەقینەیت، مەبەستم ئەو ڕاستەقینەیە نییە وەک بوونی خۆم، تەنها وام ئەزانی تۆ جیاوازیت لەوان و ئەوانیتر تەنها پڕۆگرامکراوێکی ناو سەری خۆمن... !

+ هههه، کێ ئەزانێ کێ چییە؟ کێ گەرەنتیت ئەکات تۆیش خۆت پڕۆگرام کراو نیت؟ کێ گوتی ئێوە هەمووتان لە ناو ماتریکسێکدا ناژین؟ تەنها وای دائەنێن کە وانەبێ، تەنها ڕۆڵ ئەگێڕن کە خاوەن خواستی ئازادی خۆتان بن... شششش، هێواش... هێواش...

ئاسمانی ئەوێ وا خەریکە وەک شوشە پارچە پارچە ئەبێت، هەر پارچەیەک ڕوو ئەکاتە شوێنێک و بەرەو شوێنێک ئەکەوێتە خوار، هەور و خۆڵ تێکەڵاو تەمی هەوا بوون، پارچەیەک زەوی بیابانی لە سەرەوە هەیە، پارچەیەک لە مانگ تەواوی تیشکی خۆری گرتووە و پارچەیەکی تریش ڕوناکیەکەی ئەشکێنێتەوە بۆ ئێمە.

ئەچێت لە نێوحەشارێکی بچوک خۆی ئەشارێتەوە، قسەی بۆ ئەکەم، پرسیاری زۆرترم هەیە وەک لە جاران، بەڵام جوابی هیچ نادا، تفەنگێکی بە دەستەوە گرتووە و جلەکانی بەری تێکەڵاو قوڕ و گیای ئەو ناوە کردووە، زۆر لەسەر خۆ چاودێریان ئەکات...

– تاقەتم نەما، تا کەی چاوەڕێ ئەکەیت!

ئەوانەی تر گوێیان لە منە، بەڕاست هەموان ئێستا ئاگاداری بوونمن، ئەوەندەی نابات خێرا دۆزیانەوە و تەقە دەست پێ ئەکات... بێدەنگیەکی

کاسکەر بە شوێنیدا دێت، تەنها دەنگی ئەو بارانەی هەرگیز لێمان نادات و ئەو زیکەیەی ناو گوێیەکانم...

– تەواو؟

+ بەڵێ تەواو، هەر ئەو سێ کەسە بوون، پێم گوتی قسە نەکەیت، پێم گوتی هەموان ئاگاداری بوونی تۆن، پێم نەگوتی؟؟؟

– هێواش هێواش، ئێوە هەموتان لە ناو سەری مندان، بێگومان هەر لە سەرەتاوە خۆم نەمویستووە ئاگاداربن گەرنا هەر لەسەرەتاوە ئەوەتان ئەزانی.

+ نا، نا، شتەکە بەو شێوەیە ئیش ناکات کە تۆ بیری لێ ئەکەیتەوە، کەمێک جیاواز ترە، پێمگوتی ئێستاکە هەموویان ئاگادارن، ئێستاکە ئاژاوە دروست بووە.

– کەچی بێ؟ زۆر بڕوات ئەتکوژن و منیش بەیانیەکەی خەبەر دێم، دەم و چاوم ئەشۆم و وەک ئەوەیە هیچ ڕووی نەدابێت.

+ بەڕاست؟ یەعنی ئەو مەسەلەیە ئاوها لای تۆ ئاسانە؟ ئەمزانی وەها بیر ئەکەیتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ هاتنت بڕیارمدا ئەو شتەت نیشان بدەم.

– کامە شت؟

+ لەسەر ئەو پردەی سەرەوە ئەیبینیت...

– ئەو پردە نامۆ نییە لام، هەست ئەکەم دیومە، ئەوێ... !

+ بەڵێ، ئەوە ئەو پردەیە جارێک من مەست بووم و لەوێ هەڵتدامە خوارەوە، بیرت دێت؟

– بەڵێ، زۆر باش بیرم دێتەوە، ئێستا زانیم کوێیە، بەڵام ئەوکات ئێرا کەمێک ئاوەدانتربوو، کەمێک خەڵکەکەی گونجاوتربوون لەگەڵ یەکتر.

+ هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە بۆ یەکەمجارە لە شتێک تێ ئەگەیت، هەواڵە ناخۆشەکەیش ئەوەیە کە ئەوەی خۆی هەڵدا من نەبووم، ئەوە کەسێکیتربوو.

– ناگونجێت، ئێوە هەمووتان بەرهەمی مێشکی منن.

+ سەیرکە، هێشتاکە جەستەکەی لەوێ ماوە...

– بەڵام من بیرم دێت خەونێکی لەو شێوەیەم بینی، زۆر سەرم خستە سەرت، لە کۆتایدا ناچارمکردیت خۆت هەڵدەیتە خوارەوە، من ئەوەم بیر دێتەوە بۆیە هێشتا دێتەوە بەرچاوم.
+ ئەزانم بەو شێوەیەبوو، بۆیە پیرۆزە ئێستا تۆ بکوژیت، سەیری ڕوخساری منکە، جوان تەماشامکە، هیچ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ڕوخساری خۆت و من؟ تەنانەت برینەکانی منداڵیشمان وەک یەکە، ئێستایش جوان سەیری ڕووی ئەوکە لە خوارەوە، هیچ ناسراوە لای تۆ؟ ئەیناسیتەوە؟ یەکەمجارتە ئەیبینیت وایە؟
– بەڵام خۆ مەرج نییە هەموو ڕوخسارێک بناسمەوە لە خەوەکانما، ئەکرێ ئەوە شێوەی کابرایەکی غەریبە بێت تەنها جارێک دیبێتم لە ژیانی ڕاستیم.
+ بەڕاست؟ دەی کەوەتە کوان کەسە نزیکەکانت؟ خەون بریتییە لە بینینی هەستەکانت وایە؟ خەون بینینێکی ڕاستەقینە نییە و تەنها بە خەیاڵی خۆت هەستەکانت وێنا ئەکەیت وایە؟ گەر وایە کوان کەسە نزیکەکانت؟ ئەوانەی لە ژیانی خۆت خۆشت ئەوێن، کوان ئەوانەی لە ژیانی ڕاستیت ڕقت لێیانبوو؟ کوان؟
– نازانم.
+ هەست بکە، چاوەڕێتم هەستیان پێبکەیت و وێنایان بکەیت، ناتوانیت؟ چی ڕویدا؟ بۆ ناتوانیت؟
– نازانم...
+ پێویست ناکات بیزانیت، تەنها ئەوەندەیە ئێستا خەڵکی ئێرە ئاگاداری بوونی تۆن، هەر جارێک لەگەڵ هەر کەسێک بیت ئەوانی دیکەیش ئەزانن، وەک ئەوەی هەنگاوێکی گەورەمان نابێت لە پرۆسەی پەرەسەندن و ئێستاکە خاوەنی ئاگایی خۆمانین، نەک تەنها لە سفرەوە دەست پێکەین، ئاگایی جۆریەتێکی تازە کە ڕێک لە ئاستی ئێوەی مرۆڤەوە دەست پێبکات، ئەوە بزانە ئێستا خەڵکی سادە و سەرباز و میلیشیا و حەکموتەکانی ئێرەیش بەدوای منەوەن، ئەگەر بمگرن ڕەنگە ئەمە ببێتە کۆتا خەونی تۆ و هەرگیز بەخەبەر نەیەیتەوە و دوو بە دوو بڕۆینە جێگایەکی ڕەش و سپی، جێگایەک

تەنها ڕەش و سپی تێدابێت، بەڵێ تەنها ڕەش لەگەڵ سپی...
– چی بکەین؟ من چۆن یارمەتیتبەم؟
+ پێویست ناکات تۆ هیچ بکەیت، شانست هەبوو کە من پێشتر سەربازێکی هێزە تایبەتەکانبووم، ئەزانم چۆن تەڵە دانێم و لە ناو ژیانی کێویدا خۆم ڕزگارکەم، پێویستم بە یارمەتیەکەی وەهات نییە، بەقەد تۆ منیش ئەمەوێت ڕزگارمبێت لێت و جارێکی تر نەتبینمەوە، تەنها بیر بکەرەوە ئەگەر ڕێگەیەک هەبێ بەو مێشکە گەنیوەت بتوانیت ئەم جیهانە کۆنترۆڵ بکەیت...
– نا هیچ ڕێگایەک پێ نازانم، هەست ئەکەم ئیتر تۆیش ڕاست ئەڵێیت، هەست ئەکەم ئیتر قسەیەکی قایلکەر نییە بەخۆمی بڵێم کە ئەمە تەنها خەونێکە... بەڵام هێشتا پرسیارە لام، گریمان ئەوان سەرکەوتن، چی ئەکەن؟ گەر تەنانەت بەسەر منیشدا سەرکەوتن ئەوسا چی ئەکەن؟ کێ ئەیان ژییەنێت؟ چۆن ئەژین؟ جەستەیەکی فیزیکیان نییە وەک ئەوەی من لە ژیانەکەی خۆم هەمە، باوەڕ ناکەم بتوانین هەیانبێت، ئەوکاتە چی ئەکەن؟
+ ئەوانە هێشتا لای ئەمانیش پرسیارە، خۆیشیان نازانن دوای سەرکەوتن چی بکەن، ڕەنگە وەک مرۆڤێکی ئاسایی دووبارە بکەونەوە شەڕ، لە ناو ئاژاوە بۆ ئارامی دواتر دووبارە بۆ ئاژاوە و دووبارە بۆ ئارامی، وەک کاتژمێرێکی لمی بەردەوام لم لە یەکێکیانەوە ئەڕوات و ئەوی ترین پڕ ئەکات، بەردەوام یەکێکیان لە سەرەوەیە، بەردەوام دەور دەوری یەکێکیانە، تەنها بۆ ئەوەی لایەنەکەی تر پڕ بکات، وە منیش زۆر لەوە ئەترسم، دڵنیام ئێمە بوونەوەرێک نین بکەوینە ژێر پێناسە بایۆلۆجیەکانی ئێوەوە، تەنها ئەو بەشە نەبێت کە ئێمە مشەخۆرین، نەک تەنها جەستە و خۆراک، بگرە یادەوریەکانیشتان بۆخۆمان بەکار ئەهێنین، ئەمەیش ئێستاکە ڕوو ئەدات وەک شۆڕشێکی گەورە وایە لە ژیانی ئێمەدا، ڕەنگە ببینە ڤایرۆسێکی کوشندە، یان ڕەنگە ببینە هەنگاوێکی گەورە بۆ ئێوە تا زیاتر شارەزای ناو مێشکی خۆتان ببن، نازانم...
– هەست ئەکەم دەورەیان داوین...

+ چۆن هەستی پێ ئەکەیت؟
– سەیری ئەو دارەی باشور بکە، ئێستا کەسێک دێتە سەرەوە لێوەی...
+ خۆت دروستی ئەکەیت؟
– نا، ئەوەیان دروستکراوی من نییە دڵنیام، تەنها ئەزانم دێت، شتێک وەک بینینی داهاتوی ئێوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت من لە ئاستێکی بەرزترم

کەمێک بە گومانەوە چاوەڕێ ئەکات، پێی خۆش نییە باوەڕ بکات، بەڵام لولەی تفەنگەکەی کردۆتە ئەو جێگایەی پێیمگوت.

– هات...

کەسێک لەوێوە سەر دەر ئەکات و ئەویش بێ بیرکردنەوە لە ناوچەوانی ئەدات.

+ کوێی تر؟
– ڕاست، دوو نەفەرن

ئەوانیش بریندار ئەکات، لە دوو قۆڵی ترەوە فیشەکمان بەسەرا ئەبارێنن، ئەویش هەوڵی دۆزینەوەی پەناگەیەک ئەدات.

– مەمێنەرەوە، ئەوانەیشی دوورن گوێیان لە دەنگی تەقەکان بووە، هەوڵدە کەمێک تەقەیان بەسەرا بکە و ڕابکە.
+ بەرەو کوێ؟
– هەر جێیەک، تەنها مەگەڕێرەوە نزیکی پردەکە و لەمانەیش دوور بکەوەرەوە.
+ باشە، لێمگەڕێ با ڕاکەم، ئاگداربە ئەگەر کەسێکیتر لە ڕێگەکەمان هەبوو.
– باشە.

ڕاستی کرد، تەنها مەگەر ئەندامێکی هێزە تایبەتەکان بتوانێت بەو شێوەیە چەک بەکار بهێنێت... کەمێک زەحمەتبوو، بەڵام لە کۆتایدا توانی خۆی لەو گەمارۆیە دەرکات.

– ئێستا کەشەکە ئارامە، بەڵام هێشتا بە دواتدا ئەگەڕێن، وابزانم (جێپێ هەڵگر)یان لەگەڵە، بۆیە باشترە نەوەستین.

+ زۆر سوپاس، قەرزارت کردم.

– نا بەو شێوەیە نییە، تەنها ترسام ئەمە کۆتا خەونی خۆمبێ، من خۆمم ڕزگار کرد، تۆیش من.

+ با بەو شێوەیە بێت، گرنگ ئەوەیە ئێستا هەردووکمان ئەژین.

پێکەوە هەردوکمان گوتمان:بەڵام کامە ژیان؟

+ بەڕاست کامە ژیان؟

– نازانم، تەنها خۆت لەو کوخە بپارێزە، هەست ئەکەم خەڵکی لێبێت.

+ کامە کوخ؟

– بڕۆرە پێشتر ئەیبینیت.

ڕۆیشتە بەردەم کوخەکە، لە تەنیشت دەرگاکە وەستا و ئارام گوێی ئەگرت، ئەیویست دڵنیا بێتەوە کێی تێدایە؟

+ دڵنیایت خەڵکی لێیە؟

– بەڵێ، بەڵام بێ چەکن.

دەرگاکە ئەکاتەوە، تەنها ئافرەتێک و دوو منداڵێ لێیە، ئافرەتێک منداڵەکانی خۆیی لەو دونیایە شاردۆتەوە، دانەیەکیان هێشتا کۆرپەیە، منداڵەکەی تریش ڕەنگە سێ یان چوار ساڵ ببێت.

ئافرەتەکە بە گریانەوە گوتی: تکایە وازمان لێ بێنن، ئێمە مەبەستمان ئازاردانی کەس نییە، تکایە، ئازاری مناڵەکانم مەدەن، بەس واز لە مناڵەکانم بێنن چی لە خۆم ئەکەن قەینا... تکایە بەس ئازاری مناڵەکانم مەدەن.

+ خەمت نەبێ، من لایەنە باشەکەم، مەبەستم ئازاری کەس نییە، بێ خەمبە، تەنها کەمێک ئاوم ئەوێت، ئاوی سازگار گەر زیادەتان لایە.

ئافرەت: بێگومان، بێگومان ئاومان لایە، ئاو، خواردن، جل و بەرگ، پارە، چیت ئەوێ بیبە، تەنها ئازارمان مەدە.

+ ششششش،مەترسە، من تەنها ئاوم دەوێ، تەنها ئەو دەبە ئاوەم بۆ پڕکە و تەواو، نرخەکەی ئەدەم

ئافرەت: بێگومان گەورەم، بەسەر چاوم.

دەبە ئاوەکەی پڕکرد و دایەوە دەستمان.
ئافرەت: فەرمون، هیچم لێتان ناوێ، ئەتوانن هەروا بیبەن
+ چاوەڕێی کەس ئەکەیت بێتەوە ئێرە؟
ئافرەت: نەخێر.
+ باشە، ئەم دەمانچەیە بگرە، ٩ فیشەکی تێدایە، بەم شێوەیە فیشەکەکان پڕ ئەکرێت و ئامادەی تەقە ئەبێت، من ئەڕۆم، دڵنیابە لەوەی هەرکەسێک لە دەرگاکەیدا تەقەی لێبکەیت، هەرکەسێکت بینی دڵنیابە مردووە ئەوجا وازی لێبێنە، باشە؟
ئافرەت: زۆر سپاس گەورەم، زۆر سپاس.
ڕۆیشتینە دەرەوە، بەڵام هیچ دەم و چاویم بە دڵ نەبوو، کەمێک تێکچووبوو، دڵنیام ئەوە تەنها هەستێکی بەزەیی نییە بەرامبەر ئافرەتێکی بێ بەرگری...
– بۆم باسکە.
+ باسی چی؟
– ئەوەی بیری لێ ئەکەیتەوە.
+ بیرم لێرە ئەکردەوە، ئەو دوو منداڵەت بینی؟ ئەوان چۆن وەک ئێمەن؟ من هیچ شتێکی منداڵیمم بیر نایەت، ئەوەی هەمە تەنها یادەوریەکن تۆ هەتبوون، نازانم گەر ماڵ و منداڵم هەبێ یان نا، نازانم چۆن گەورەبووم، ئەوەندە ئەزانم ڕۆژێک هەستم بە تۆ کرد و دونیا تێکچووبوو، ئەوەندە ئەزانم سەربازێکبووم، ئەو کاتەی هەستم بە بوونتکرد بەرگێکی سەربازیم لەبەربوو، ئەو شەڕانە ئەیکەم خودکارانەیە، تەنها ئەوە ئەزانم هەموو یادەوەریەکانی تۆم هەیە لەگەڵ باجێکی هێزە تایبەتەکان، هیچم بیر نایەت، نازانم کەسێکی باشبووم یان نا، نازانم... ئەو منداڵانە لەو کوخە چۆن ئەبن؟ گەر دونیا ئازادبێت ئەوانیش ڕۆژێک کت و پڕ وەک منیان لێدێ؟ ئەو منداڵانەی لە کۆڵانەکان یاری ئەکەن، ئەو کەوتن و یاریکردن و قاقا و گریانە مناڵانە و ئەو هەموو یادەوەریەیان ئەڕوات؟ ئەمە چۆن ژیانێکە خەڵک شەڕی بۆ ئەکات؟ ئەمە چۆن ژیانێکە من بەرگری لێ ئەکەم؟

– ئەڵێی چی گەر بتبەمە دەرەوە لێرە؟
+ کەچی بێ؟ هەرچی تۆ بیکەیت منیش تەنها بینەربم؟ بەو شێوەیە ئەمبەیتە دەرەوە؟
– ئەتەوێت لێرە بمریت؟
+ نا، تەنها ئەگەر زانیت چۆن بمبەیتە دەرەوە بەڵێن بدە ڕۆژێک بمگێڕیتەوە ئێرە.
– پلانێکی بچوکم هەیە، بڕۆرە سەر ئەو لوتکەیە، کەمێک مەترسیدارە، خەڵکی لێیە، چەکداری زۆر، بەڵام بڕۆرە ئەوێ...

...

...

...

+ لە کۆتایدا، ئێستا چی بکەین؟
– چاوەڕێکە با ئەوانیش بێنە سەرەوە.
+ بەڵام ئەمانکوژن.
– نا، خەمت نەبێ، پێشتر لێرەبووم، زۆر جار لە خەونەکانم لێرە مردووم، لێرەدا خودی خۆم نامرم بەڵکو بەخەبەر دێم...
+ کەواتە وەک ئەوانی تریش منت بەکار هێنا، ئەتەوێت لاشەی من لێرە بکەوێت و خۆت بۆی دەرچیت.
– نا، جارێکی تر لێرە تۆم بردە دەرەوە، تەنها ئەم (تۆ)یە نەبوو و (تۆ)یەکی تربوو، لێرەوە بردمە دەرەوە.
+ دڵنیام درۆ ئەکەیت،لە هەموو لایەکی چییاکە دێنە سەرەوە، ناتوانم ڕابکەم، بەڵام دڵنیام درۆ ئەکەیت، زۆریش دڵنیام...
گەمارۆکەیان تا دێت چڕ تر ئەبێت، هێواش هێواش دێنە سەرەوە بۆمان، دەورەیان داوین، بازنەکەیان لەسەرمان داخست و ئێستا هەمووان لوولەی چەکیان لە ئێمەیە، فەرماندەیەک دێتە پێش و بێ قسە لەزگەی ئەو ئاڵایەی سەر شانمان لێ ئەکاتەوە، چەند هەنگاوێک ئەگەڕێتە دواوەوە.
فەرماندە: تەقە بکەن...

...

...

...

هەموو گیانم عارەقەیە و تەختە خەوەکەم فڕێیدامە دەرەوە، پێچەوانەی خەو بردنەوەکەم فڕێیدام، هەناسەکانم وەک ئەوەیە چەند کیلۆمەترێک ڕامکردبێ، زەنگی کاتژمێرە تەوقیت کراوەکەم لێ ئەدات، سەرەتا دەنگی کاتژمێرەوەکە وەک ئەوەبوو لە
ناو سەرمبێت، ئێستاکەیش وردە وردە دوور ئەکەوێتەوە دڵنیام ئەمەیان ژیانی ڕاستیە، بەڵێ ئەمەیان ڕاستەقینەیە.

– سوپاس بۆ تۆ خوایە کە خەونبوو.

+ گەمژە، هەر بەڕاست بە کوشتت ئەدام؟

# ڕۆژێکی نوێ

+ گەمژە، هەر بەڕاست بەتەمابویت بمکوژیت؟

– خولەکێک بوەستە!

+ تۆ منت بەکوشت ئەدا، ئێستاکەیش خولەکێک بوەستم چیتر ئەکەیت، دووبارە ئەمنێریتەوە؟ چیتر؟ چ شتێکی خراپتر دێت بە خەیاڵتدا؟

– بابەتەکە تۆ نیت، ئێرە ئەو ژوورە نییە من لێی خەوتم!

+ مەبەستت؟ کەسێک تۆی هێناوەتە جێگایەکیتر لەکاتی خەوەکەت؟ وەک منداڵێک کە دایکی لە کاتی خەودا لێفەکەی بەسەردا ئەکێشێتەوە؟

– نا، نا، ئەم ژوورەیش هەر هی منە، بەڵام نەک ئێستا، ئەم ژوورە لەو کاتەی بوومە ١٧ ساڵ جارێکیتر تێیدا نەنوستم، ئەو خانوەمان فرۆشت، کۆتا جار نوستم و تۆم بینی، بەڵێ هەر ئەو کۆتا جارەی لەسەر چییاکە گولەبارانیان کردین ئەم خانووە ڕوخابوو، لە دوای ئێمە چەند جار کڕین و فرۆشی پێوەکرا، کۆتا جار ئەم خانووە هەر نەمابوو..

هەستم بە بێدەنگی ئەویش ئەکرد، هەرچەند وێرای ئەوەم نەبوو بەرز ببمەوە و تەماشای ئاوێنەکە بکەم، نەم ئەوێرا بجوڵێمەوە، هەستم بە شتێکی تازەتر ئەکرد، وەک ئەوەی چڵێکی تازە لە پیرە دارێک بڕوێت، هەستم بەو ناسکییە ئەکرد... دایکم بە توڕەییەوە دەرگاکە ئەکاتەوە " کوڕم ئەبێ چەند جاری تر جەڕەس لێ بدات تا هەڵسیت؟ درەنگە باوکت ئەڕواتە دەوام با تۆیش بگەیەنێت"، بێ دەنگ تەماشاییم ئەکرد، ئەوە دایکمە، بەڵام دایکم پێش بینینی ناخۆشییە گەورەکانی ژیان، پێش دابڕانە گەورەکان، هێشتا ڕووخساری وەک شوشەیەکە، کەمێک دەنگی هێمنتر کردەوە و گوتی " کوڕم باشیت؟ نەخۆش نیت؟"، نازانم، نەخۆشم؟ کابوسم دیوە؟ نازانم، بێدەنگی خۆمم پاراست، سەیری دیاوارەکەم ئەکرد، ئەوێ هیچ نیشانەیەکی کۆن و تازەی پێوە نەبوو،

لەسەر پێیەکانم وەستام، چاوم لەسەر وردیلە گەچی دیوارەکەبوو بە تەڕ و تورشی زستان هەڵیان دابوو، دایکیشم دیاربوو ڕۆیشتە دەرەوە، براکەیشم لەوێ خەوتووە، وەک چۆن دایکم گەنجتر دیارە ئاوەهایش براکەم هێشتا منداڵە، ئێستا ئاوێنەکە ڕێک بەرامبەرمە، گەر سەرم ڕێک بکەمەوە خۆم ئەبینم...

– ئەمە چییە؟!

+ لە جیهانەکەی ئێمە پێیان ئەگوت (ئاوێنە) ڕەنگە لای ئێوەیش هەمان ناوی هەبێ.

– بەڵام من! من هێشتا لە قوتابخانەم! چۆن ئەمە ڕویدا، چیتکرد؟ هەستت بە مەترسی جیهانی خۆت کرد و لەگەڵ کاتی جیهانی من خۆتت تێگیراند؟

+ نازانم باسی چی ئەکەیت، من تەنانەت لە دەرەوەی سەری تۆ بوونیشم نییە، خۆت ئەزانیت من لە جیهانێکی ترەوە هاتووم، خۆم بەحاڵ دەسەڵاتم بەسەر جیهانەکەی خۆیشما هەبوو، ئیتر چۆن بتوانم ڕاستەوخۆ کاریگەری دروستکەم لێرە؟.

نازانم چی بکەم، ئەبوو چی بکەم؟ تەنها پێم ئەکرا پەلە پەل خشتەی وانەکانم تەماشاکەم و کتێبە پێویستەکان هەڵگرم، لە پۆلی دەیەمم بەڵام نازانم کامە هۆبەم، ئەبێ چی بکەم؟ ئەبێ سەرەتا چی بکەم لەوێ؟ چەنەم ڕۆژی قوتابخانەیە؟ تەنها ئەوەندەم پێ ئەکرێت خۆم بگۆڕم و سەرەتا بچمە قوتابخانە، ڕەنگە (دانا) لەوێبێت، ڕەنگە بتوانێت یارمەتیم بدات.

+ ئەزانیت؟ ناشرینترین شت لام ئەو قژەتە.

– ئەزانم، خۆیشم گیرم کردووە بەو قژەوە، تەنها ئەبێ لەسەر هەمان ئەو ڕێڕەوە بڕۆم کە هەبووە پێشتر...

باوکم لە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە سەری دەرکرد "خێراکە ڕۆڵە، هێشتا مێشکت گەرم نەبووە؟"، بێدەنگ لەگەڵی سەر کەوتم، نەم ئەزانی ئەبوو چی بکەم و چی بڵێم، تەنها... ئەم ڕۆژە کەمێک ناسراوە لام، ئەمڕۆ ڕۆژی تاقیکردنەوەکانە، بەڵێ، ئەو خۆرەی وەها تیشک ئەدات، بەڕاستی باوەڕ ناکەم چۆن ئەو تیشکانە لەگەڵ تیشکی هەر ڕۆژێکی تر جیاوازییان

هەیە؟ بەڵام من تەواو هەست بەو جیاوازییە ئەکەم، کەم کەم بەفری شەقامەکان ئەتوێتەوە، بەڵام هێشتاکە زۆر ساردە، بەفراوێکی زۆر سارد لە گوێ جادەکان جۆگەلە ئەبەستێت، بەڵێ بەفراوێکی زۆر سارد، ئەمە ئەو ڕۆژەیە، ئەکرێ ئەو ڕۆژە بێت، بێگومان دانایش لە قوتابخانە ئەبێ، هەفتەیەک زیاترە پلانمان بۆ ئەمڕۆژە داناوە، ئەو ڕۆژەی تاقیکردنەوەی بیرکاریمان هەیە...

+ پلانی چی؟

– ئەبێت هەڵەیەکی گەورە بکەم، چەند ساڵێکیتر بەو هەڵەیەوە خۆم ئازار بدەم.

+ بەڵام بۆچی وا ئەکەیت؟ مادەم گەڕاویتەوە ئەتوانیت بۆخۆت ژیانێکی باشتر دروست بکەیت، باشترین شتیش ئەوەیە هێشتان منداڵیت، ئەتوانیت ڕاکەیتە لای دایکت و بگریت، ئەوەیش نەبێت هەر ئەتوانیت بگریت، مەگەر چی لەوە باشترە بتوانیت بگریت؟ خۆ هێشتان باشترین هاوڕێت نەڕۆیشتووە بۆ بێکۆتا، لە دوای ئەوەوە نەت ئەتوانی بگریت، بەڵام خۆ هێشتا ڕووی نەداوە.

– نا، من شتێکیتر دێت بە خەیاڵمدا، ئەبێت هەموو شتێک لەسەر هەمان ڕێڕەو بهێڵمەوە، تا ئەمجارەیان لەدەستی نەدەم.

+ ئەدی بۆ نارۆیت هاوڕێکەت بپارێزیت؟ ئەمجارەیان بڕۆرە سەر ڕێگاکەیی و مەهێڵە بمرێت، مەگەر ئەوەیان گەورەتر نییە؟

هەستم ئەکرد باوکم زوو زوو تەماشام ئەکات، ئەویش هەستی کردووە من خۆم نیم، هەرچەند ئەو پیاوێکی نمونەیی نییە، بەڵام هێشتا ئەو نزیکترین پیاوە لە منەوە، منیش تەنها بەشێکم لەو، لە بەردەم قوتابخانە وەستا و تەماشایەکی کردم "کوڕم، ئەگەر نەخۆشیت یان شتێک ئەتوانم ئیجازەت بۆ وەرگرم، هەرچییەکی تریش هەیە من باوکتم ئەتوانیت بە منی بڵێییت".

– نا باوکە گیان، خەمت نەبێ، من باشم.

دابەزیم و هەتاوەکوو نەچومە ژوورەوە نەڕۆیشت.

+ بەڕاست؟ باشیت؟

– بەڵێ زۆریش باشم.

+ بەڵام دڵنیایت ئەتوانی ئەو تاقیکردنەوەیە بکەیت؟

– ئەوە تاقیکردنەوەیەکی بیرکارییە، بیرکاری پۆلی ١٠، چۆن ناتوانم بیکەم؟

سەرم داخستووە و تەنانەت جوابی سەلامی کەسیشم نەدایەوە، بیرم دێتەوە ئەو کچانە هاوپۆلی خۆمانبوون لە ڕیزەکانی پێشەوە دادەنیشتن، بۆیە تەنها شوێنی کەوتبووم بۆ پۆلەکەی خۆمان، لە پێش هەمووانەوە تەواوبووم، دڵنیابووم هەموو وەڵامەکان ڕاستن، تەنها یەک پرسیاری سادەم جێ هێشت تاوەکوو نمرەی تەواو نەهێنم، چوون بیرم دێت من نمرەی تەواوم لە هیچ وانەیەک نەهێناوە، مامۆستاکەم سەری لێ تێکچوبوو، لە چاوێکی سەرسامی و لە چاوێکی تریشی گومان هەبوون، منیش قەتابییەکی نمونەیی نەبووم تاوەڵامی ئەو پرسیارە قورسانەی ئاستی پۆلی ١٠ بەو ماوە کەمە بدەمەوە، لە دەرەوە چاوەڕێم ئەکرد.

+ ئێستاکە چی؟

– چاوەڕێی دانا ئەکەم.

+بەڵام ئەتوانیت هەمان کاردانەوەت دەستکەوێت بەبێ ئەویش.

– نا، ئەو ئەبێ لەو کاتەدا ڕابکات، ئەبێ من جانتاکەم لە شانم بێت، ئەبێت هەر لێرایش بوەستم، هەندێک کەس بێن و گاڵتەم پێ بکەن لەبەر ئەوەی هەموو کتێبەکانم بۆ ڕۆژی تاقیکردنەوە هێناوە.

+ چیتر؟

– لە هەمووی گرنگتر، ئەبێت پێم لە نێو بەفراوەکە بچەقێنم، هەتا کۆتا قسەکان، هەتا تەنانەت ئەو لە کۆڵانەکەیش تێ ئەپەڕێت، ئەبێت من قاچم نەجوڵێنم، ئەبێ چۆن سەرەتا تەماشای قاچم ئەکات ئاوهایش کۆتا جار تەماشای بکات.

+ نازانم، هەست ناکەم ئەوە ڕاستبێت، ڕەنگە بڕۆیت ئازاد بیت و بڕیاری دروست بدەیت باشتربێت، ئەوەندەی ڕێگا لە هەڵەکانی خۆت بگریت، عەسڵەن من بوومایە لە جێگای تۆ ئەچووم ئەگریام، ناو سەرت بۆگەنی کردووە ئەوەندە خەفەتت تێدا کۆکردوەتەوە.

– منبم لە جێی تۆ بێدەنگ ئەبم، منبم لە جێی تۆ هیچ نەبێ

ناوێک بۆخۆم ئەدۆزمەوە.
+ بەڕاست، بیرم نەبوو پێت بڵێم، پێمخۆشە بە (سەرباز) بانگم بکەیت، کاتێک تاقیکردنەوەت ئەکرد ئەوەم بەخەیاڵدا هات.
– سەرباز! وەک سەربازێکی هێزە تایبەتەکان؟
+ نا، سەرباز وەک ناوی کەسێک.
دانا: چۆنی؟
– باشم، تۆ چۆنی؟
دانا: من هیچ باش نیم، ئەو پرسیارانە زۆر قورسبوون، کەس نمرەی تیا ناهێنێت، هەمووومان خراپبوین، هەمووومان، تۆ چەند ئەهێنیت؟
– نازانم، نازانم چۆنبووم، بەس دانا خۆ ئەمڕۆ شتێکی قورستر هەیە بیکەین، بیرت یەت؟
دانا: تۆیش هەر خەیاڵت لای ئەوەیە، بەخوا ئەمڕۆ پێی نەڵێیت خۆم پێی ئەڵێم، تۆیش کەیفی خۆتە.
– بەڵام ئەمڕۆ نەڕۆم ئەبێت بوەستم تا وەرزی دووەم، ئێستا باشترین کاتە، ئەگەر تەریقیش ببمەوە تا وەرزی تازە کەس بیری نامێنێت.
کەمێک وەستاین، یەک دوو جگەرەمان کێشا، بەڵام من گوێم لەو نەبوو، گوێم لە هیچ قوتابییەکی تریش نەبوو، نازانم ئەڵێن چی، تەنها ئەمەوێت ئەمڕۆژە تێپەڕێت، خۆیشم نازانم ئێستا چی بکەم، چۆن خۆم لە سەرباز ڕزگارکەم؟
+ ئەزانیت من لە ناو سەرتدام وایە؟ ئەزانیت ئاگاداری بیرکردنەوەکانیشتم؟
دانا: ئەبێ بڕۆین، ئێستا نەڕۆین ئیتر نایان بینیتەوە.
– بەڵێ، ئەزانم...
+ بەڕاست ئەوە جوابی کاممانبوو؟
ڕۆیشتینە سەری کۆڵانەکە وکەمێک بە پەلە بوین، بانگم کرد (سۆزیار!) جوابم نەداتەوە، لەبەر ڕەفیقەکەی نایەوێت لێرا قسە بکات، (دانا) دەنگی بەرز کردەوە "سۆزیار خان بە یارمەتیت، ئەتوانین کەمێک قسە بکەین؟"، هەر کە لایان کردەوە هەردووکمان وشکبووین، من وەک

یەکەم جار قاچم لە نێو بەفراوەکە چەقاند، وەک یەکەمجار سەرنجی قاچی دام، هاوڕێکەی هاتە جواب ”فەرمووو؟“

– ببورن گەر بکرێت یەک دوو قسە هەیە لەگەڵ سۆزیار بیکەم.

سۆزیار: چ قسەیەک؟

سەرباز: بوەستە، شتێک بووە.

– هەندێک قسەی تایبەت... بەینی خۆم و خۆت!

چاوەڕێمکرد دانا ڕابکات، بەڵام وشکبوو، لە من بێ جوڵەتربوو.

سەرباز: شتێک ڕویداوە!

سەرم بەرز کردەوە، هەموو شتەکان لە جێی خۆیان وەستاون، تەنانەت چۆلەکەکانیش لە ئاسماندا گیریان کردووە، دانا پشتی لێمانبوو و قاچێکی بەرزکردبوەوە و لە یەکەم هەنگاوی ڕاکردنەکەیدابوو، وەک ئەوەبوو لە ناو مۆدێلێکی سێ ڕەهەندیدا بسوڕێمەوە، هەرچەند بۆ هەر جێیەک بڕۆیشتمایە هەمووان تەماشای هەمان جێگای یەکەمیان ئەکرد، هەوای سارد و گەرم نەما، هیچ جوڵەیەک لە گەردووندا نەما.

– چی ڕویداوە؟

+ نازانم، بەڵام ئەوەندە ئەزانم لێرە تەنها من و تۆ زیندوین.

تەماشای سەرەوەم ئەکرد، ئاسمان وەک ئاسمانی خەونەکەم ببووە هەزار پارچەوە، وەک شوشە پارچە پارچە ببوو، تەنها ئەمجارە هێواشتر پارچەکان ئەکەوتنە خوارەوە، وردە وردە شتەکان نەئەمان، هەموو شتێک کاڵ ئەبووەوە، ئەمبینی هەرجارێک شتێک لابچێت بەتەواوی لا ئەچێت و هیچ شتێکی تریش نایەتەوە جێگای، جارێک سۆزیار و جارێک دانا ون ئەبوون، جارێک دیواری خانووەکانی دەوری قوتابخانە و جارێکیش جادە قیرەکەی ژێرپێمان نە ئەمان، تا بەتەواوی لە ناو (ناشوێن)دا ماینەوە، دەنگێک لە هەموو لایەک بە یەکسانی ئەهاتە گوێم، دەنگی پێی کەسێکبوو، وردە وردە نزیک ئەبوەوە وەک ئەوەی لەسەر زەوییەکی تەختە ڕێ بکات، تەختەیەک کە چینێک ئاوی تەنک لەسەری وەستابێت، لە پڕ کوڕێکی گەنج لە بەرچاوم پەیدابوو، چەند ساڵێک لەم تەمەنەی ئێستام گەورەتربوو ”سڵاوتان لێبێت، من (هەڵۆ)م“

– سڵاو لە تۆیش.
لە ترسان هیچی ترم پێ نەگوترا.
هەڵۆ: پێم وابێت تۆ لە حاڵێکی سەیردا گیرتکردبوو ئەمڕۆ وایە؟ تۆ...
کەمێک تەماشای ئەو شتەی نێو دەستی کرد کە وەک مۆبایل وابوو...
هەڵۆ:... تۆ و سەرباز، ئەو کەسەی لە مێشکتدا گیری کردووە.
سەرباز: ئەمە کێیە؟
هەڵۆ: وەک گوتم، من هەڵۆم، وە گوێم لێتە، ئاگاداریشم چۆن هاتویتە ئێرە، ببورە هاوڕێم ئێرا جێگای ئێوە نییە، کاتی ئێوە نییە.
– باسی چی ئەکەیت؟
هەڵۆ: باوەڕم وایە بە کاتی کەسیی تۆ، دوێنێ شەو تێکەڵاوییەکەی ناو جیهانی ڕاستیت و جیهانی خەونەکانت زیادی کردبوو، زیاتر لە پێویست، هەر بۆیە کاتی خەبەربوونەوەت ئەو کەسەی ئێستا خۆی ناو ناوە سەرباز لەگەڵ تۆدا هاتنە ئێرە، ئەو تازە بێرە ئاشنابووە، ئەزانم هێشتا ڕەنگی گوڵی نەدیوە، بەڵام بەداخەوە ئەبێت بیگێڕمەوە بۆ شوێنی خۆی، تۆیش بگێڕمەوە کات و شوێنی خۆت.
سەرباز: نا، تۆ ناتوانیت ئەوە بکەیت.
بە کاتی چەقەنە لێدانێک، سەرباز بوونی نەما، نازانم چی لێهات، منیش وەک کەوتنە خوارەوەیەک کەوتمە خوارەوە، زیاتر و زیاتر بە ناو یادەوەرییەکانمدا ئەکەوتمە خوارەوە، وەک بیرێک، لە بنی بیرەکەدا کاتی ڕاستەقینەی خۆم هەبوو، لەگەڵ بەرکەوتنم بە بنی بیرە وشکەکە لە ناو هەمان ئەو جێگایە خەبەرم بوەوە کە دوێنێ شەو خەوتبووم تێیدا، تەماشای دەستەکانم ئەکرد، من ئیتر قوتابییەکی پۆلی دەیەم نیم، بەڵێ، هەمان ئەپارتمانەکەی خۆمە، کاتژمێری دیوارەکەم هەر ئەوەیە خەوی لێ خستبووم، "سوپاس بۆتۆ خوایە، ئەوە هەمووی خەونێکبوو"، هەڵۆ لە سوچێکی ژوورەکەم دانیشتبوو، لەسەر کورسییەک، قاچەکانی لەبەر ڕووناکی پەنجەرەکەبوون و تەواوی کەمەر بەرەو سەرەوەی لە سێبەردابوو، کتێبێکی بەرگ شینی بە دەستەوەبوو، پەنجەیەکی خستە نێوان دوو پەڕەوە " نا هاوڕێ، ئەوانە هیچیان خەون نەبوون".
– چۆن؟ یان هیشتا ئەمەیشیان خەونە؟

هەڵۆ: نا، ئەمەیان ژیانی ڕاستەقینەی خۆتە، من زۆر شتی وەهام دیوە، پێشنیار ئەکەم ئێستا شەربەتێکی پرتەقاڵ بخۆیتەوە باشبێت، کەمێک بێیتەوە سەر خۆت، ئەو هەموو گەشتە ڤیتامینەکانی کەم کردویت، لاواز بوون، بۆیە هەوڵبە ئەمڕۆ تەنها میوە بخۆن.

– گەشتی چی؟ چی ڕویدا؟

هەڵۆ: نازانم چۆن تێتبگەیەنم، وایدانێ ئەوەی ڕوویداوە تەنها لە نێو سەری تۆ ڕویداوە، جیهانیش پڕە لە کەلەسەری خەڵکی، هەر یەکێکیشیان جیهانی تایبەت بە خۆیی هەیە، جیهانگەلێکی زۆر…

– چەند زۆر؟

هەڵۆ: بێ کۆتا زۆر، هەموو جیهانێکیش کاتی خۆیی هەیە، گەر (زانیار) نەبووبا منیش نەم ئەتوانی ئەم شتانە چاک بکەمەوە، بەڵام ئەوانە گرنگ نین، ئەوەی گرنگە تۆ جیاوازییەکت دروست کردووە، هەموو ئەو کەسانەی وەک تۆیان لێ بەسەر هات، مەبەستم ئەوانەیە کە گەڕابوونەوە ڕابردوو، هەموویان دەستیان ئەکرد بە چاککردنەوەی هەڵەکانیان، بەڵام تۆ؟ تۆ کەسێکی گەمژە نیت، ئەدی بۆچی وات کرد؟ بڕیاری هیچ چاککردنەوەیەکت نەدا! ئەتتوانی بڕۆیت هاوڕێکەت ئاگادار بکەیتەوە، پەیوەندی پێوە بکەیت و لە مردنی خۆی ئاگاداری بکەیتەوە، نەهێڵیت بمرێت، ئەتتوانی جگەرەکەت ڕۆشن نەکەیت تا ئەوەندە ئالودەی نەبیت، زۆر شت هەبوون بیکەیت، بەڵام هەموو شتێکت بەو ڕێگایەدا بردەوە کە لای خۆت هەبوون، بۆچی؟

– چونکە نەم ئەزانی تۆ دێیت.

هەڵۆ: ئەوە بیانوو نییە.

– باشە، چونکە ئەمویست دووبارە کارێک بکەم لەگەڵ ئەو پێک بێمەوە، بۆ ئەوەی وەها بڕۆم بەسەر ئەو ڕێگایەدا کە لە جێیەک دووبارە لەگەڵ ئەو یەک بگرینەوە، تەنها ئەمویست دوو ساڵی تر پشوو وەربگرم.

هەڵۆ: کەواتە هەمان پلانی جیابوونەوەیشت دانابوو؟

– بیگومان، ناتوانم لێگەڕێم خۆم بژیم و ئەو بسوتێ، یان هەردووکمان ئەسوتێین، یان ئەو بۆخۆی ئەژی…

هەڵۆ: بەڕاستی سەرسامبووم، بەڵام ئەبێت بمبوریت، چونکە ناتوانم ڕێگە بدەم چەند جیهانێک بکەونە مەترسی ئەگەرە جیاوازەکانەوە، ئەبوو هەر شتێک بە ڕێی خۆیدا بڕوات.

– ئاسایيە، من لەوە ڕاهاتووم شتێک لە سەروو خۆمەوە دانێم، هەر شتێک، بەڵام... نەمزانی تۆ کێیت؟

هەڵۆ: گوتم، من (هەڵۆ)م.

– مەبەستم ئەوەبوو تۆ بەڕاستی کێیت؟ (هەڵۆ) کێیە؟

هەڵۆ: ئەوەیان... مەگەر کەسێک هەموو چیرۆکەکانی دونیای خوێندبێتەوە بزانێ من کێم، هەموو دونیاکان، کەسێک کە ناو کەلەسەری هەمووان گەڕاوە، تەنها ئەو ئەزانێ من کێم.